هەرێمی کوردستان حکومەتی
خوێندنی باڵاوتویژینەوەی زانستی وەزارەتی
زانکۆی چەرموو
سەنتەری توێژینەوەی زانکۆی چەرموو
بۆ تاوانەکانی ئەنفال و جینۆساید

# جینۆسایدی ئابووری لە پرۆسەی ئەنفالی گەلی کوردا

**توێژەرەکان**

**م.هاوار رفعت ستار**
**م. زرار علی حسن**

٢٠٢١

## پوختەی توێژینەوە

لە هەموو ئەو تاوانانەی کە دژ بە گەلی کورد ئەنجامدراون، چ لەلایەن وڵاتی عیراق و ڕژێمی بەعس و چ وڵاتانی تری ناوچەکەش، تاڕادەیەکی زۆر یەک هەڵوێست بوون لە سڕینەوە و قڕکردنی گەلی کورد لە بەجێهێنانی ئامانجەکانیاندا، بەدیاری کراوی ئەوەی لە عێراق و بە دیاریکراویش لە ساڵی ١٩٨٧ وە دەستپێکرد و لە ساڵی ١٩٨٨ لە پرۆسەی ئەنفالدا چڕکرایەوە، بە بەرنامەیەکی پلان داڕێژراوی ورد و نەخشە بۆ کێشراو پرۆسەی بەدناوی ئەنفالیان ئەنجامدا، کە خۆی لە هەشت قۆناغ بینییەوە بۆ سەر هەموو ناوچەکانی کوردستان، ئەم پرۆسە سەربازییانەش بوون بە هۆی لەناوبردن و ڕووخاندنی تەواوی گوندەکان و زۆرێک لە شارەدێ و تا هەندێک شارۆچکە و ناوچەی تری کوردستان، کە ئەمەش جیا لەوەی هۆکارێک بوو بۆ گرتن و ڕاگواستنی زۆرێک لە خەڵکی ناوچەکانی کودستان بەگشتی، لە ناویشیاندا جوتیار و ڕەنجبەر و دەستی کاری کوردستان بەتایبەتی، ئەوەش کاریگەری گەورەی دانا لەسەر داڕووخانی ئابووری کودستان، چونکە وەک ئاشکرایە خەڵکی ئەو ناوچانەی کوردستان بژێوی ژیانیان و ئابوورییەکەیان لە ئەنجامی کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییەوە بووە، هەروەها ڕاگواستنی خەڵکی گوندەکانی کوردستان وەک جۆرێک لە کۆچی زۆرەملێ بۆ شارەکان و دروستکردنی ئۆردوگا زۆرەملێکان، بوو بە هۆی ئەوەی داڕووخانی ئابوری ڕوو بدات و کاریگەری لەسەر بژێوی و ژیانی خەڵکی دروست بکات، چونکە هیچ هاوسەنگییەک لەنیوان خواست و خستنەڕوو نەما، بەڵام سەلماندنی هەموو ئەم بابەتانە پێویستی بە توێژینەوەی ورد و زانستی ئابووری هەیە، بۆ ئەوەی لە کاریگەرییە ئابوورییەکانی پرۆسەی ئەنفال بگەین و زیانە هەنووکەیی و دوورمەوداکانی ئەو پرۆسەیە لەسەر خەڵک و خاکی کوردستان بخەینەڕوو، ئەوەش بە داتا و زانیاری وردی باوەڕ پێکراو.



**وشە کلیلیەکانە: پرۆسەی ئەنفال ، کاریگەرییە ئابوورییەکان، زیانە ئابوورییەکان.**



## ملخص البحث

إن الجرائم التي ارتكبت ضد الشعب الكوردي من قبل دولة العراق ونظام البعث والدول المجاورة المساندة لها، جميعها كانت لديهم موقف موحد وهو إبادة الشعب الكوردي ومسح كيانهم كان من أولويات أهدافهم. وبالأخص ما حدث في العراق حيث بدأت بوادر هذه الجريمة سنة ١٩٨٧ وتفاقم الأمر في سنة ١٩٨٨ ، فسميّت بعملية الأنفال، حيث قاموا بها بخطة دقيقة ومحكمة وكانت تضم ٨ مراحل من الأنفال لإبادة الشعب الكوردي في هذه الجريمة البشعة في جميع مناطق كردستان. فهذه العمليات العسكرية كانت سببا لهدم ودمار جميع القرى التي شملتها هذه العملية وأغلب المدن في أنحاء كردستان، حيث خلفت من ورائها تعريب وترحيل وسجن أغلب أهالي المناطق المنكوبة ، وبالأخص الفلاحين والمكافحين والأيادي العاملة، فبدوره أثر على دمار الاقتصاد في كردستان، و ذلك لأن غالبية هذه المناطق كانوا يرتزقون على الزراعة وتربية المواشي والحيوانات وكذلك ترحيل أهالي المناطق بالقوة ودون رغبة للمدن وفرض الإقامة الجبرية عليهم. كل هذا أثر على سقوط الاقتصاد وعلى حياة الناس، فكانت الحياة خالية من التوازن ما بين الرغبة وعدمها. فهذا أثبت لنا أن هذه المواضيع كانت موضع انتباه، فلا يجوز للباحثين أن يغفلوا عنها، وكان لابد لنا أن نبحث فيها لبيان التأثيرات الاقتصادية لعملية الأنفال مع بيان الأضرار الآنية وبعيدة المدى للشعب الكوردي وكل هذا يحتاج إلى عمل دؤوب ومعلومات وبيانات دقيقة وموثوقة.



الكلمات المفتاحية: عملية الأنفال، التأثيرات الاقتصادية، الأضرار الاقتصادية.

## Abstract

The determination of all criminal offenses that have been committed by the regime of Ba'ath, the former Iraqi government, or by other countries against Kurdish people was to discriminate and suppress Kurds' identity. Eventually, the operation of eliminating Kurdish people started in 1987 and this massive murder reached its peak through Anfal campaign in 1988. This operation was planned and carried out progressively and wasexerted systematically through eight waves around all different areas in Kurdistan; these military procedures became the reason behind the destruction of the Kurdish villages and districts, which was not the only devastation for the Kurdish towns, but actually, the farmers and other workers were mainly the victims. Consequently, this created financial crises and economic destruction; plainly, the lives of people in those places depended completely on agriculture andlivestock farming. Deporting Kurds to other various places was another way for forcing them to settle in camps which was a factor for creating the financial crisis. Because there was no role of their interests. Close reading and investigations are needed to study these cases and issues botheconomically and academically – this is to understand the detailed particularities and their impact on people and Kurdistan at that duration and the forthcoming damages – through concrete facts and data.

***Keywords:*** **Anfalcampaign, economic impacts, financial damages.**

## پێشەکی

وەک دەزانین جەنگ و داگیرکاری کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر تەواوی بوار و کەرتە ژیاری و ژیانییەکانی هەرکۆمەڵگایەک کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە و دەبێتە هۆی داڕووخان و لەناوچوونی شارستانیەت و ئابووری ئەو کۆمەڵگایە، بێگومان کوردستانیش بەدەرنیە لەو کاولکاری و داگیرکارییە یەک لە دوای یەکانەی کە لە ماوەکانی ڕابوردوودا ڕووبەری بووەتەوە .

ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە تیشک بخەینە سەری و بیکەینە خاڵی سەرەکی توێژینەوەکەمان، پرۆسەی بەدناوی ئەنفالە، کە ڕژێمی عیراق لە پرۆسەیەکی دوورمەودا و ووردا لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا و بەچەند قۆناغێک ئەنجامیدا، کە ئەمەش چەندین لێکەوتەی ئابووری خراپی لێکەوتەوە لە هەموو ناوچەکانی کوردستان بە هەر چوار پارێزگاکەی ئەو کاتەی کوردستان کە بریتی بوون لە پارێزگاکانی کەرکوک و سلێمانی و هەولێر و دهۆک، ئەوە جگە لەو ناوچانەی تری کوردستانیش کە لە ئەنجامی سیاسەتی تەعریبدا خرابوونە سەر پارێزگاکانی تری عێراق، ئەمەش بووە هۆی رووخان و کاولکردنی نزیک بە چوار هەزار گوند و چەند شارەدێ و شارۆچکەیەک، کە ئەو کردە سەربازییانەش وێڕای زیانێکی فراوان لە جینۆسایدی مرۆیدا، لە ڕووی جینۆسایدی ئابووریشەوە، زیانی گەورەی گەیاند بە کەرتی ئابووری وبەرهەمی ناوخۆیی تا ئەو ڕادەیەی کە لە زۆربەی ناوچەکان، ڕێژەی بەرهەمی ناوخۆ و ئابوورییەکەی گەیاندە خاڵی سفر.

هەر بۆیە لە توێژینەوەکەدا، بەپێویستی دەزانین تیشک بخەینە سەر لایەنی ئابووری و لێکەوتە خراپەکانی پرۆسەکە لە دوو مەودای جیاوازدا، کە بریتین لە زیانە ئابوورییەکانی ساتەوەخی پرۆسەکە و زیانە ئابوورییە دوور مەوداکانی پرۆسەکە، کە لە هەردوو رووەکەوە لە چەندین زیانی جیاواز و مەترسیداردا خۆیان دەبیننەوە.

### گرنگی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەوە دەتوانین تاڕادەیەک لێکەتووتە ئابوورییەکان و رێژەی زیانەکانی پرۆسەی ئەنفال بخەینەڕوو کە لەم بوارەدا پرۆسەی ئەنفال کەمترین توێژینەوەی لەسەر کراوە، هەروەک دەتوانین زانیاری تەواو بخەینە بەردەست، بۆ ئەوەی لایەنی پەیوەندیدار سوودمەند بێت لێی، بەمەستی قەرەبووکردنەوەی زیان لێکەوتوانی پرۆسەکە.

### ئامانجی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دەدەین، تەواوی زانیارییەکان سەبارەت بە جۆر و ڕێژەی زیانە ئابوورییەکانی پرۆسەی ئەنفال بخەینەڕوو، لە ساتەوەختی پرۆسەکە و دوور مەودای دوای پرۆسەکە، بۆ گەیشتن بە ڕاست و دروستی داتا و زانیارییەکان و بەردەست بوونی .

### گریمانەی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە لەسەر ئەو گریمانانە نوسراوە، کە پرۆسەکانی ئەنفال و کیمیا بارانی ناوچەکانی کوردستان، ئەگەر رەهەندی سیاسی ونەتەوەیی هەبێت، بێگومان رەهەندە ئابوورییەکانیشی کەمتر نین لەوانیتر.

### ڕێبازی توێژینەوەکە:

لە توێژینەوەکەدا کار لەسەر شێوازی وەسفی و شیکردنەوەی داتا و زانیارییەکان دەکرێت بەشێوەی چارت و فیگەری جیاواز و روونکردنەوەی لایەنەکانی ئابووری، بە پێی پێویستی توێژینەوەکە .

### هەیکەلی توێژینەوەکە:

بۆ ئەوەی پەیامی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی روون و ئاسان بگات بە خوێنەر،دابشکراوە بەسەر سێ بەشی سەرەکیدا:

له بەشی یەکەمدا توێژینەوەکەمان هەوڵ دەدەین بەشێوەیەکی گشتی ئەوهۆکارانە بخەینە ڕوو کە بوونە هۆی داڕووخانی کەرتی ئابووری لە ئەنجامی پرۆسەی ئەنفال دژ بە گەلی کورد کە لەلایەن ڕژێمی عێراق ئەنجام درا.

لەبەشی دووەمدا باس لە زیانە ئابوورییەکانی ساتەوەختی پرۆسەکە دەکات ،وە جۆر و بڕی زیانە ئابوریەکانی روون دەکاتەوە کە ئەو بەرهەم و داهاتانەی کە لە کاتی پرۆسەکە لە دەست چوون چی بوون وە چەند بوون وخەمڵاندنی .

لەبەشی سێ یەمی توێژینەوەکەدا باس لە زیانە ئابوورییە دوورمەوداکانی پرۆسەکە دەکرێت و شیتەڵ کردن روونکردنەوەی زیانە ئابوورییەکان و کاریگەرییە بەردەوامەکان ودوا کەوتنی گەشەی ئابووری کە لە ئەنجامی کاولکاری ڕاگواستنی بەشێکی زۆری دانیشتوانی کوردستان بە تایبەت گوند نشینەکان کە سەرچاوەی بەشێکی زۆری داهات و بەروبومە کشتوکاڵیەکان بوون.لەکۆتاییدا بەدەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە کۆتایی دێت وەک ئەوەی کە لە خوارەوە ئاماژەمان کردووە.

**بەشی یەکەم/ئەوهۆکارانەی بوون بە هۆی داڕووخانی کەرتی ئابووری کوردستان لە ئەنجامی پرۆسەی ئەنفال:**

لە حەفتاکانی سەدەی رابردوودا زانای ئابووری پیتەر باوەر Peter Bauer ، بە بەردەوامی و دووبارە دەینووسی: کە ئەگەر حکومەتەکان لە وڵاتانی هەژاری ئێستادا، هەبن و کۆشش بکەن دەربارەی ئەوەی کە پێویستە بیکەن –پاراستنی هاونیشتمانییان لە هەڕەشەکانی دەرەکی بەهۆی دیبلۆماسییەتەوە، چەسپاندنی حوکمی یاسا، فەراهەم کردنی بونیادێکی گشتی بنەڕەتی بۆ خەڵکی (رێگاوبانی باش، بەندەرگەل، کارگێڕی متمانەپێکراو، دابینکردنی ئاوی گونجاو بۆ خواردنەوە، وزە)، توانای بازاڕ بۆ کارکردن بەبێ ئاستەنگ- کات و سامانیان بۆ فەراهەم نابێت بۆ خراپ بەڕێوەبردنی ئابوورییەکانیان، لە رێگای چوونەناوەوە بۆ بازرگانی و پاڵپشتی کردنی پیشەسازییە باشەکان و دەستگرتن بەسەر بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی جوتیاران بە نرخگەلێك کە بیسەپێنن بەسەریان و کردنەوەی پیشەسازی گشتی کە زیاتر لە خۆشی و پێشوازی بەرەو کینە و نالەباری بڕوات[1].

دەنگی پیتەر باوەر لەنێو پسپۆڕانی ئابووری گەشەخوازدا بە نەشاز دانرا، بەڵام لەگەڵ ئەوەی لیستەکەی بۆ بەرپرسیارێتییەکانی حکومەت گشتی نەبوو، بەلآم لەنێو پسپۆڕانی تری ئابووریدا رووی تێکرا و پێیان وابوو بۆ ئابووری زۆر ولآت، دەکرێت ئەوە سەبارەت بە حکومەتەکان بووترێت... بەڕاستیش رێك ئەم وتانە بۆ ئابووری عێراق، کە سەرباری ئەوەی هەموو بنەماکانی ئەوەی تێدا فەراهەمە کە ببێت بە وڵاتێکی پێشکەوتوو، جگە لە بنەمای فەرمانڕەواییەکی ئازا و ئازاد و پێشکەوتنخواز، کە هەر ئەوەشە وایکردوە لە ئاستی هەژاریدا بمێنێتەوە و بەردەوام و تا ئێستاش لە ژێر باری قەرزوقۆڵەیەکی گەورەی دەرەکی و گەندەڵی و رارایی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا بمێنێتەوە، بە درێژایی فەرمانڕەوایەتی دەوڵەتی عێراق تارادەیەك تا ئێستاش، ئەو وتانە واتایەکی پڕاوپڕ دەبەخشن و راستن، ئەگەر سەردەمی بەعسییەکان بە نموونە وەربگرین، کە لەوانەیە لە زۆر رووشەوە لەڕووی ئابوورییەوە سەبارەت بە داهاتی تاك و ژیانی هاونیشتمانییان لە سەردەمی زۆرێك لە فەرمانڕەواکانی تری عێراق باشتر بووبن تا روودانی شەڕی کەنداو، بەڵام لە شەڕی کەنداوەوە ئابووری وڵاتیان بەرەو وێرانییەکی تەواو برد، بە هەرحاڵاً لە سەردەمی ئەواندا بە پێچەوانەی بۆچوونەکانی "باوەر"، هیچ بونیادێکی گشتی بنەڕەتی وەك پێویست بۆ خەڵکی فەراهەم نەبوو (نە رێگاوبانی باش، نە بەندەرگەل، نە کارگێڕی متمانەپێکراو، نە دابینکردنی ئاوی گونجاو بۆ خواردنەوە، لەوانەیە تاکە شت وەك پێویست بۆ ئەو سەردەمە فەراهەم بوونی وزە بووبێت)، ئەمە و هەرگیز بازاڕ توانای کارکردنی نەبوو بەبآ ئاستەنگ، بەڵکو هەمیشە لە ژێر کۆنترۆڵێکی رەهای حکومەتدا بوو، سەرباری هەموو ئەوانە نەك وەبەرهێن و کشتیار و کارکەری ئەم وڵاتە، لە هەڕەشەی دەرەکی نەپارێزراوون، بەڵکو زیاتر لە هەڕەشەی دەرەکی بەردەوام لە بەردەم ترس و دڵەڕاوکێی هەڕەشەی ناوخۆییدا بوون و هەن.

بە درێژایی سەدەی رابردوو گەورەترین بازرگانەکانی عێراق و هەڵسوڕێنەرانی بازاڕی عێراقی کوردانی فەیلی بوون، بەڵام لەبری دەسبار و پشتگیری حکومەت، لێدانێك لێیاندرا، کە تەواوی سەرمایە و موڵك و ماڵەکانیان لە دەستدا، بە هەمان شێوەش لە دروستبوونی دەوڵەتی عێراق و لەو کاتەوە کە دەوڵەتێك لەسەر میراتی دەوڵەتی عوسمانی و بە ناخوایشتی ولایەتی موسڵ، لە هەرسآ ولایەتی بەسرە و بەغداد و موسڵ پێکهات، تا کۆتاییەکانی سەدەی رابردووش کە نەوتی بەسرە پەرەی سەند، هەر بڕبڕەی پشتی ئابووری عێراق لە ناوچەکانی کوردستاندا بوو (نەوت لە کەرکوك و کشتوکاڵ لە چوار پارێزگاکەی تر)، بەڵام لەجیاتی فەراهەم کردنی کەشێکی لەباری ئابووری بۆ گەشەسەندنی ئەو ناوچانە و فەراهەمکردنی هەلی لەبار بۆ گەشەسەندنی لەبار و خستنەگەڕی هەوڵی حکومەت بۆ برەودان بە پیشەسازییە پاشکۆکانی نەوت لە پاڵێوگە و پترۆکیمیاوی و پیشەسازییەکانی تری بواری نەوت لە ناوچەکە و هێنانی ئامێری پێشکەوتووی کشتوکاڵی و تۆوی نوآ و دۆزینەوەی بازاڕ بۆ بەرهەمەکان و

دروستکردنی پیشەسازییەکانی گۆشین و لەقووتوونان و ...هتد، بەڵام بەردەوام ئەم ناوچانە نەك جێگای مەترسی و هەڕەشەی دەرەکی، بەڵکو ناڵاندوویانە بە دەست هەڕەشەکانی خودی دەوڵەتی عێراق خۆیەوە.

هەموو ئەو هەڕەشە و مەترسی و پشێوییانەش، کە خودی دەوڵەتی عێراق بە شێوەیەکی سەرەکی لێیان بەرپرسیاربوو و نکۆڵی کردن لە مافی ڕەوای گەلێکی بەشیمەینەتی ڕەسەنی سەر خاکی خۆی، ناچاری کرد بۆ هەڵگرتنی چەك بەڕووی فەرمانڕەوایانی عێراق بە درێژایی مێژوویەکی درێژ، سەرەنجامیش لە نیوەی دووەمی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا ئەو پشێوییانەی لە شۆڕشی کورد و ڕەفتاری بآ بەزەییانەی دەوڵەتی عێراق کەوتنەوە، سەری کێشا بۆ هەوڵدان بۆ وێرانکردنی بڕبڕەی ئابووری و داهاتی دەوڵەتی عێراق لە لێدانی نەوتی کەرکوك، بە فاکتەری دەرەکی و دواتریش وێرانکردنی بەشی گەورەی بەرهەمی کشتوکاڵی عێراق لەو گورزەی لە کارەساتی ئەنفالدا بەر ئەو کەرتە کەوت، بە وێرانکردنی بەشێکی گەورە لە خاکی کورستان.

ئەگەر کەمێك لەم بابەتە دووربکەوینەوە، ئەنفال ئەو کارەساتەبوو کە لە هەموو ڕوویەکەوە بۆ ئەوە نەخشەی کێشرابوو، کە لە بەرەنجامیدا کۆمەڵگەی کوردی تووشی داڕمانێکی سەخت ببێت، کە بێگومانیش تووشی داڕمانێکی کرد، کە لەوانەیە تا چەند نەوەی تریش دەرهاویشتەکانی مۆرکی خۆی بەسەریدا جێبهێڵێت، بەڵام گومانی تیا نییە هەڵسەنگاندنی بوارێکی گرنگی وەکو ئابووری یان زیان و کاریگەرییەکانی ئەو کارەساتە لەسەر ئەم لایەنە گرنگە، پێمان باشە لە چەند ڕوویەکی گرنگەوە باس لە کاریگەرییە ئابوورییەکانی ئەو کارەساتە بکەین، کە کۆمەڵێك دەرهاویشتەی نێگەتیڤی لەڕووی ئابوورییەوە بەدوای خۆیدا هێنا، لەوانە:

**تەوەری یەکەم/کۆچی ناوخۆیی، یان کۆچ لە لادێوە بۆ شار:**

کۆچی ناوخۆیی یان کۆچ لە لادێوە بۆ شار، یەکێکە لە دیاردەکانی جیهانی نوێ بەتایبەتی لە وڵاتانی جیهانی سێهەمدا[2]، پرۆسەی خوێندن لە سەردەمی فەرمانڕەوایی بەعسییەکاندا، بەشێکی زۆری تایبەت بوو بە مەترسییەکانی کۆچە لە لادێوە بۆ شار و ئەو بۆشاییە ئابوورییەی لە چۆڵکردنی لادێ و هاتنی دەستی ڕەنێوهێنی کشتوکاڵی بۆ شار و ئەو بۆشاییەی لە بەرهەمی کشتوکاڵی ولێت و ئاسایشی خۆراکی لەو دیاردەیەوە دەکەوێتەوە، دیسان ئەو بارگرانییەی لە ئەنجامی ئەو کۆچەوە دەکەوێتە سەر شارەکان، لە دابین کردنی خزمەتگوزارییەکان و کەوتنەوەی بێکاری و زۆر بابەتی تری ئابووری، دەربارەی ئەم بابەتە و مەترسییەکانی. بەڵام ئەوەی مایەی سەرنجە، ئەو درۆ گەورەیەی ئەو ڕژێمە بوو بەرامبەر بە پرۆگرامەکانی خوێندن و گرتنەبەری ئەو سیاسەتە پێچەوانەیە بوو کە لەم بووارەدا ئەنجامیدا، لەبری گرتنەبەری ئەو ڕێوشوێنانەی لە پرۆگرامی خوێندا دەیدا بە گوێی ئێمەدا بۆ ڕێگری کردن لەو دیاردەیە، کەچی خودی خۆی بە زۆری زۆرداری دەستی جوتیاری کوردی لە گەورەترین و بەپیتترین خاکی وڵاتەکەیدا گرت و دەستی نایە بینەقاقای و ڕاپێچی کرد بۆ گۆڕە بەکۆمەڵەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق، یان بەزۆر کۆچی پێکرد بۆ شارەکان و کەرتی کشتوکاڵی بە ڕێژەی 100 % لە ناوچەیەکی گەورەی عێراقدا ڕاگرت و شارەکانی کوردستانیشی پڕکرد لە دەستی کارێك، نە ئاشنا بوون بە کار و پیشەی شار و نە هەڵی کاریش لە شاردا ئەوەندە فەراهەم بوو، کە بەشی کرێکاری شار و ئەوانیش بکات، بۆیە لە شارەکانیشدا بێکارییەکی خستەوە کە بە عەقڵی هیچ ئابووریناسێکدا نەیەت، چونکە هەر لە بنەڕەتدا، شارەکانی عێراق بە گشتی و ناوچەکانی کوردستان بەتایبەتی، خاوەنی هیچ پرۆژەیەکی ئابووری ستراتیژی نەبوون، تا ئەو ئەندازەیە لە دەستی کار لە خۆیدا کۆبکاتەوە.
بەپێی ئەو زانیارییانەی لەبەردەستدان، ئەو ناوچانەی بەر هەر هەشت قۆناغەکەی ئەنفال کەوتن

و ئەم كۆچە زۆرەملێیە بە رێژەی 100 % تیایاندا ئەنجامدرا، رووبەرەكەیان بەم شێوەیەی خوارەوە بوو[3]

| ڕووبەری چۆڵكراو و ڕاگواستنی زۆرە ملێ كم2 | قۆناغ |
|---|---|
| 1,154 كم2 | قۆناغی یەكەمی ئەنفال |
| 1,484 كم2 | قۆناغی دووەم |
| 3,273 كم2 | قۆناغی سێەم |
| 2,818 كم2 | قۆناغی چوارەم |
| 2,818 كم2 | قۆناغی پێنجەم و شەشەم و حەوتەم |
| 6,228 كم2 | قۆناغی هەشتەم |
| 17,775 كم2 | سەرجەم |

كەواتا لەو ناوچە فراوانەدا، كە بەپیتترین جۆری خاكی عێراقی پێكدەهێنا، كەرتی كشتوكاڵی وڵاتی راگرت، ئاشكراشە راگرتنی كەرتی كشتوكاڵی تەنها راگرتنی كەرتەكە ناگرێتەوە، بەڵكو لەباربردنی هەلی كارە بۆ تەواوی ئەو خێزانانەی لەو سنوورەدا ژیاوون، ئەوە چجای ئەوەی هەر بە لەدەستدانی هەلی كار بۆ ئەو رێژەیە لە دانیشتووان نەوەستا كە لەو رووبەرەدا دەژیان، بەڵكو وەك لە پێشەوە باسمان كرد، تەواوی خێزان و كەسەكانی ئەو سنوورە جگە لەوەی بەشێكی گەورەیان لەناوبران، بەشەكەی تریشیان بە زۆرەملێ راگوێزران بۆ شارەكانی تری كوردستان و بازاڕی كاری شارەكانیشیان تووشی شڵەژان كرد. بەپێی توێژینەوەیەك كە لە باشووری گەرمیاندا لە ساڵی 2002 كراوە، سەبارەت بە پیشەی ئەو كەسانەی لە شاڵاوی ئەنفال رزگاربوون، لە رەگەزی نێردا، 74 % ی رزگاربووەكان بەر لە كارەساتی ئەنفال بە كاری كشتوكاڵییەوە سەرقاڵ بوون و تەنها 4 % كاری كرێكارییان دەكرد، 4 % ی رزگاربووەكانیش پێشمەرگە بوون، بەڵام هەمان نموونە لە دوای كارەساتەكە، 30,5 % یان خەریكی كاری كرێكارین و تەنها 9,2 % خەریكی كشتوكاڵن، 7 % كاروكاسبی تر دەكەن و رێژەی 4 % ی پێشمەرگە وەك خۆی ماوەتەوە، ئەگەر لە بەرواری ئەنجامدانی توێژینەوەكە وردبینەوە، پێمان وایە ئەو رێژەیەش كە دەستیان داوەتەوە كشتوكاڵ بۆ دوای راپەڕینی 1991 ی خەڵكی كوردستان دەگەڕێتەوە، كە بەشێكی زۆر لە خەڵكی كوردستان گەڕانەوە گوندەكان و دەستیان كردەوە بە پیشەی پێشوویان، ئەگینا لە ئەنجامی كارەساتەكەدا هەلی كار لە كەرتی كشتوكاڵدا بە تەواوی لەناوچوو.. . هەروەك هەمان توێژینەوە هۆشداری لە بارەی مەترسییەكی گەورە لەڕووی ئابوورییەوە دەخاتەڕوو كە رێژەی بێكارییە، كە لە 10 % لە پێش كارەساتەكەدا بۆ 38,3 % لە دوای كارەساتەكە بەرزبووەتەوە، كە ئەوەش رێژەیەكی هەر زۆر مەترسیدارە لەڕووی ئابوورییەوە.[4]

دیسان توێژینەوەكەی بەڕێز "یوسف دزەیی"یش جەخت لە نزیك بە هەمان ئەو داتا و ژمارانەی پێشەوە دەكاتەوە، لەو نموونەیەشدا كە ئەو توێژینەوەی لەسەریان كردوە، كە لە توێژینەوەكەی ئەمدا باس لە سەرچاوەی بژێوی خێزان دەكات نەك وەك توێژینەوەی پێشوو كاری تاك، لە پێش ئەنفالدا 81,70 % ی نموونەكە سەرچاوەی بژێوییان كشتوكاڵ و ئاژەڵداریی بووە، 10,28 % ی نموونەكە سەرچاوەی بژێوییان كرێكاریی بووە، 3,42 % سەرچاوەی بژێوییان فەرمانبەری بووە، 1,17 % سەرچاوەی بژێوییان شۆفێری كردن بووە، پێشمەرگایەتی لای نموونەكەی ئەم 1,14 % ی سەرچاوەی بژێوی پێكدەهێنێت، دوكانداریش بە هەمان رێژەی پێشمەرگایەتی، 0,57 % یش سەرچاوەی بژێوییان خەریك بوون بووە بە كاری

قەسابی، بێگومان پیشەی قەسابی لای خەڵکی هەولێر ئەو کەسانەش دەگرێتەوە کە خەریکی کڕین و فرۆشتنی ئاژەڵن، نەك وەك ناوچەکانی تر کە وترا قەسابی تەنها پیشەی گۆشتفرۆشی بگرێتەوە.

بەڵام سەرچاوەی بژێوی ئەم نموونەیەی پێشوو، لە دوای کارەساتی ئەنفال بەم شێوەیە گۆڕاوە: سەرچاوەی بژێوی بە کاری کرێکاری بەرزبووەتەوە بۆ 36,87 % ، لە بەرامبەردا سەرچاوەی بژێوی لە کەرتی کشتوکاڵ و ئاژەڵداریدا دابەزیوە بۆ11,25 % ، پێشمەرگایەتیش بەرزبووەتەوە بۆ 3,12 % ، ئەوەی مایەی سەرنجە وێڕای ئاشنابوون بە ژیانی شار فەرمانبەری هێشتا هەر نزیك بە هەمان ڕێژەی پێشوو ماوەتەوە 1,25 % بەڵام 1,87 % ی تریش موچە وەردەگرن، کە لەوانەیە مەبەست لە هاوکاری شەهیدانە یان هەر هاوکارییەکی تربێت، کە ڕێکخراوە خێرخوازییەکان لەو سەردەمەدا دەیانبەخشییەوە بەسەر کەسانی بێ نەواو کەم دەرامەتدا، 1,25 % یش سەرچاوەی بژێوییان بەقاڵییە و گۆشتفرۆشیش نزیك بە ڕێژەی پێشووی کاری قەسابی 0,62 % ، فیتەریش هەمان ڕێژەی گۆشتفرۆشییە.. . ئەوەی مایەی سەرنجە دیسان بە هەمان شێوە ڕێژەی بێکارییە، کە بەر لە ئەنفال لە ناو نموونەکەدا بوونی نەبووە، بەڵام لە دوای ئەنفال ڕێژەکەی گەیشتووەتە 25 % ، ئەوە وێڕای ئەوەی 10,62 % بە هاوکاری خەڵك و 7,5 % یش ئازووقەی ڕێکخراوەکان وەردەگرن، کە ئەم دوو ڕێژەیەی دواییش دیسان لەڕووی ئابوورییەوە دەچنەوە ناو ڕێژەی بێکاری.[5]

مەگەر تەنها ئابووریناسێک بە چاوێکی ئابوورییانەی ورد، بتوانێت ئەو مەترسییانە روونبکاتەوە کە زانیارییەکانی ئەم دوو توێژینەوەیە روونی دەکەنەوە، لە گۆڕینی جۆری دەستی کار بەو ڕێژەیە لە کشتوکاڵەوە بۆ کرێکاری، ئەو مەترسییە گەورەیەی کە لە رەنێوهێنان لە کەرتی کشتوکاڵدا دەکەوێتەوە و ئەو زیادبوونەی دەستی کاریش کە لە هەلی کاری کرێکاریدا لە شارانێکدا کەوتووەتەوە، کە هیچ پرۆژەیەکی ستراتیژی یان پیشەسازی گەورەی تیا نەبووە و کرێکاری جگە لە کاری رۆژانە لە کاری بیناکاری و کاری رۆژانەی یان هەبووە یان نا زیاتر نەبووە، کە گومانمان لەوە نییە ئەوەی بە ناوی ڕێژەی پیشەی کاری کرێکاریش تۆمارکراوە بە زمانی بازاڕە، نەک ستانداردی جیهانی و دامەزراندنیان لە کارگە و ناوەندی جۆراوجۆردا، بەڵکو بە زمانی ئابووری بێکاریی شاراوە بووە، یان ئەوەی لای هەندێک لە ئابووریناسان بە بێکاری قەناعەت (البتاله المقنعه Disguised unemployment ) ناودەبرێت، بآ ئەوەی ئەوانەی فۆڕمەکانیان پڕکردوەتەوە شارەزاییان بەم چەمکەی ئابووری هەبووبێت... چونکە تەنانەت لای خودی پسپۆڕانی ئابووریش لە بواری بێکاریدا، کێشەکانی پێوانەکردنی بێکاری بابەتێکی ئاڵۆزە و پێوانەکانی وردی و لێکدانەوەی زۆری پێویستە، چجای بۆ توێژەرێک کە پسپۆڕییەکەی لەو بوارەدا نەبێت.

ئەمە و جگە لە بێکاری شاراوەش... ئابووریناسانی هاوچەرخ –بەشێوەیەکی گشتی- دان بە بوونی سێ جۆر لە بێکاریدا دەنێن: کە یەکەمیان بێکاری لێکخشان(البطالة الاحتكاكية- Frictional unemployment )یە، کە لە بزوتنەوەی چوونەناوەوەی کرێکاری نوێ یان گەڕانەوەی کرێکارە پێشینە سادەکانەوە بۆ هێزی کار دەکەوێتەوە، هەروەها لە گواستنەوەی خۆبەخشانەی کرێکاران لە کارێکەوە بۆ کارێکی تر، بەپێی ویستی خۆیان[6]... یان بە پێناسەیەکی تر لە چوونەناوەوەی خەڵکی بۆ هێزی کار و دەرچوونیان لێی دەکەوێتەوە، هەروەها دیسان لە دروستکردنی هەلی کاری نوێ و بەگەڕخستنی کرێکارانی پێشوو دەکەوێتەوە[7]، هەروەک دوو جۆرەکەی تری بێکاری بریتین لە بێکاری پەیکەری (البطالة الهيكلية- Structural unemployment ) و بێکاری خولاو (البطالة الدورية- Cyclical unemployment ).[8] یان لای هەندێک لە ئابووریناسانی تر جۆرێکی تریش لە بێکاری بریتییە لە بێکاری وەرزی (البطالة الموسمية ( Seasonal unemployment -کە لە جیاوازی شێوازەکانی کەشوهەوا دەکەوێتەوە [9]... کە بە بۆچوونی ئێمە ناچارکردنی ئەو هەموو دەستەی کار لە کاری رەنێوهێنی لە کەرتی کشتوکاڵەوە بۆ کرێکاری، بە واتا تەقلیدییەکەی و بەو

شێوازە ناسروشتییە، جۆری یەکەمی بێکاری (بێکاری لێکخشان)ی بەدوای خۆیدا هێنا لە تەواوی شارەکانی کوردستاندا، ئەگەریش تایبەتمەندییەکانی خۆبەخشی و ویستی تێدا نەبوو وەک لە خستنەڕووی جۆری بێکارییەکەدا هاتووە، بەڵکو بە ناخوایشت و زۆرەملێ و ناچاری بوو.

دیسان ئەو ڕێژەیەی بێکاری کە لە توێژینەوەکاندا خراوەتەڕوو، لە ڕادەی ئەوپەڕی مەترسیدایە و گومان لەوەدا ناهێڵێتەوە کە ئەوەی بە ناوی بێکاری و ئازووقە و هاوکاری خەڵک و ئەو ڕێژەیەش کە بێکاری شاراوە بووە و لە ناو ڕێژەی کرێکاریدا تۆمارکراوون، بەگشتی ئاستی ڕێژەی خوار هێڵی هەژارییان لە ناو ڕێژەی 50 % ی رزگاربووەکانی کارەساتەکەدا تێپەڕاندووە، کە ئەمەش ڕێژەیەکی لەوپەڕی ڕادەی مەترسیداریدایە و هۆشداری هەرە مەترسیداریان تێدا دەخوێندرێتەوە، خۆ ئەگەر بڕیاری ( 986 )ی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە نەوت بەرامبەر بە خۆراک و دواتر پرۆسەی ڕوخاندنی ڕژێمی عێراقی بەدوادا نەهاتایە، ئەوا مەترسی هەرە نزیکی داڕوخانی کۆمەڵایەتی و تا برسێتی و مەرگی بەکۆمەڵی لەوانەیە بەدوای خۆیدا بهێنایە... بەپێی خشتەیەک کە لە بەردەستی ئێمەدایە و کۆی بەرەنجامی ڕێژەی بێکاری لە وڵاتێکی وەکو ئەمریکای لەخۆی گرتووە، ئەگەر وەکو نموونەیەک وەربگرین، هەر لە ساڵی 1950 تا ساڵی 1988 ، بە درێژایی ئەو ( 39 ) ساڵە، بەرزترین ڕێژەی بێکاری لە ساڵی 1982 تۆمارکراوە کە 9،7 % بووە و هۆشداری لەبارەی مەترسی ئەو ڕیژەیە دراوە، ئەگینا زۆربەی ساڵەکان ڕێژەی بێکاری لە نێوان 3 – 5 % بووە [10]، ئەوە بۆ وڵاتێک کە تاک بە جۆرەها شێوە لە کاتی قەیرانەکاندا پشتی دەگیرێت، ئەی ئەبێت ئەو ڕێژە بەرزەی بێکاری کە کارەساتی ئەنفال بە دوای خۆیدا هێنای و لە وڵاتێکدا کە هیچ پشتگیرییەک بۆ تاک نییە، بەڵکو تاکی کەسوکاری ئەنفالکراوان بە جۆرێک لە قاچاغ و خۆدزینەوە لە تەواوی دەزگاکانی ئەو حکومەتە، لە دوای ئەو کارەساتەوە ئەژیان، ئەبێت چ کارەساتێک بێت، تا ئەوەی لە وڵاتێکی هەژاری وەک میسردا، کە بەردەوام بە دەست هەژاری و بەرزی ڕێژەی بێکارییەوە دەناڵێنێت، لە ساڵی 2002 هۆشداری دەدات لە مەترسی بەرزبوونەوەی بێکاری بۆ ڕێژەی 8 % لە هێزی کاری میسری[11] ، ئەگەر ئەو ڕێژەیە مایەی مەترسی بێت، ئەی ئەبێت ئەو ڕێژانەی لای ئێمە لەو ڕۆژگارەدا هەبوون مایەی چی بووبن... ئەمانە و زۆر هۆشداری و مەترسیداری تر لە هەناوی ئەم زانیارییانەدا خۆیان مەڵاسداوە.

## تەوەری دووەم/دروستبوونی فشاری دانیشتووان:

یەکێک لەو بابەتانەی کە کارەساتی ئەنفال بەدوای خۆیدا هێنای، دروستکردنی فشاری دانیشتووان بوو لەسەر شارەکان بەشێوەیەکی ناسروشتی، کە ئەمە کاریگەری هەبوو لەسەر زۆر لایەنی ژیان، هەر لە کاریگەری نێگەتیڤی بۆ سەر بواری ئابووری و ئاستی بژێوی تاک لە کۆمەڵگای کوردیدا، تا زیانەکانی لە بوارەکانی ژینگە و دیمۆگرافیا و زۆر لایەنی تر، ئاشکراشە فشاری دانیشتووان یەکێکە لەو بابەتە هەستیارانەی لای ئابووریناسان، وەکو یەکێک لە هۆکارەکانی دواکەوتنی گەشەی ئابووری ئەژماری دەکەن، هەروەک ئابووریناسان باس لەوە دەکەن کە زۆرێک لە وڵاتە دواکەوتووەکان بە دەست فشاری دانیشتووانەوە دەناڵێنن، کە ژمارەی دانیشتووان بە ڕێژەیەکی زۆری وا زیاد دەکات، کە ناگونجێت لەگەڵ قەبارەی سامانە سروشتییەکان و ئابووریدا [12]، کە ئەمە خۆی دەبینێتەوە لە کۆمەڵێک شێوازدا، لەوانە: بوونی قەبارەیەک لە دانیشتووان کە لە سەرووی قەبارەی نموونەییەوە بێت بۆ دانیشتووان [13]... ئەوەی مایەی سەرنجە ئەوان لێرەدا مەبەستیان لە زیادبوونی دانیشتووان، لە زۆری ڕێژەی لەدایکبوون و کەمی مردنە، ئەی ئەبێت بۆچوونی ئابووری لەسەر ئەو جۆرە زیادبوونە لەپڕەی دانیشتووان چی بێت لە شارەکانی کوردستاندا، کە کارەساتی ئەنفال بەدوای خۆیدا هێنای، بە

راستی لە هەر روویەکەوە لە کارەساتی ئەنفال ورد ئەبیتەوە، دەگەیتە ئەو قەناعەتەی کە پرۆسەی ئەنفال، خۆی لە خۆیدا تەنها پرۆسەی چۆڵکردنی گوندەکان و لەناوبردنی ئەو ژمارەیەی خەڵک نەبوو کە لەناوچوون، بەڵکو بە چەندین رێگا نەخشەرێژی بوو بۆ داڕوخانی کۆمەڵگەی کوردی لە لایەنە جۆراوجۆرەکانەوە.

ئابووریناسان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە قەبارەی نموونەیی بۆ زیادبوونی دانیشتووان بریتییە لەوەی کە بگونجێت لەگەڵ قەبارەی سامانە بەردەستەکان، کە ئەم رێژەیە ئەوەیە لەگەڵیدا داهاتی تاک بگاتە بەرزترین ئاستی، لە سێیەری ئاستێکی دیاریکراو لە تەکنەلۆژیا [14].. ئەمە و لەم بوارەشدا زۆر بیردۆزی ئابووری هەیە بۆ دیاری کردنی بەرەنجامی دروست بۆ گەشەی دانیشتووان.[15]

زانیارییە ئامارییەکانیش ئەوە روون دەکەنەوە، کە بەرەنجامەکانی گەشەی دانیشتووان لە ماوەی ساڵانی 1990 – 1995 زۆر بەرز بووە و لە سنووری 1،7 % لە کۆمەڵەی ئەو وڵاتانەی کە خاوەنی داهاتێکی کەمن، هەروەها 1،4 % لە کۆمەڵەی ئەو وڵاتانەی کە خاوەنی داهاتێکی مامناوەندن، بەڵام لە کۆمەڵەی ئەو وڵاتانەی کە خاوەنی داهاتێکی بەرزن، بەرەنجامی گەشەی دانیشتووان تێناپەڕێت لە 0،7 % لە ماوەی ئاماژەبۆکراودا[16].

لەوانەیە رەخنەی ئەوە لە وروژاندنی ئەم بابەتە بگیرێت، کە ئەو رێژانە لەسەر ئاستی دەوڵەتە نەک شار و ناوچە، خۆ ئەو کەسانەی راگوێزراوون و لە ناوچەیەکەوە براوون بۆ ناوچەیەکی تر هەر لە چوارچێوەی هەمان دەوڵەتدا بووە، ئەوە ئەگەر بە دیوێکیشدا راست بێت، بەوەی ئاساییە لە ناو خودی دەوڵەتێکدا بەهۆی دروستکردنی پرۆژەیەکی ئابووری ستراتیژییەوە خەڵکێکی زۆر شوێنی نیشتەجآ بوونی خۆیان بەجێبێڵن و کۆچ بکەن بۆ کارکردن لەو پرۆژە ستراتیژییەدا و لە دەوری ئەو پرۆژەیە رێژەی نیشتەجآ بوون بەشێوەیەکی لەپڕ بەرزبوونەوەی بەسەردا بێت، بەڵام بەهیچ شێوەیەک بۆ ئەو گۆڕانکارییە لەپڕەی بەهۆی کارەساتی ئەنفالەوە بەسەر دیمۆگرافیای شارەکانی کوردستاندا هات راست نییە، لەپڕ هەندێک شاری لە نموونەی چەمچەماڵ و کەلار ژمارەی دانیشتووان تیایاندا بۆ زیاتر لە 100 % ی دانیشتووان لە ماوەی چەند مانگێکدا بەرزدەبێتەوە، لە شارەکانی تری کوردستانیشدا بە رێژەی جیاوازتر، بآ ئەوەی هیچ پرۆژەیەکی ستراتیژی و ناستراتیژی ئابووری نوآ تیایاندا دامەزرابێت، نەک دامەزراوەی نوآ بەڵکو بآ ئەوەی هەر لە بنەڕەتدا خاوەنی پرۆژەی ستراتیژی بن لە بواری ئابووری و بوارەکانی تریشدا، بەڵکو هەر لە بنەڕەتدا هەلی کار لە تەواوی شارەکانی کوردستاندا بۆ دانیشتووانی پێش کارەساتەکەش، بە شێوازی تەقلیدی و سەرەتایی بوو... ئەوە چجای ئەوەی تەنانەت هەندێک لە ئابووریناسانی نوآ لەم بابەتەدا جەختیان لە بابەتی رووبەری زەوی کردوەتەوە نەک رێژە و ژمارەی دانیشتووانی وڵاتێک، تەنانەت ئەو ئابووریناسانە ئەم بابەتەیان بە مەسەلەیەکی یەکەمی و سەرەکی زانیوە لە گەشەپێدانی ئابووریدا و ئەوەیان راگەیاندوە کە: مەسەلەی یەکەم لە زانستی ئابووریدا، بریتییە لە چڕی دانیشتووانی رێژەیی، کە بریتییە لە ژمارەی ئەو دانیشتووانانەی کە دەتوانن لە یەکەیەکی رووبەری زەویدا بژین.[17]

ئابووریناسانیش جەخت لەوە دەکەنەوە کە کێشەکانی دانیشتووان، تەنها پەیوەندیدار نین بە تێپەڕاندنی قەبارەی نموونەیی بۆ زیادبوونی دانیشتووان، بەڵکو دیسان دەکرێت پەیوەندیدار بێت بە زیادبوونی دانیشتووان بە بەرەنجامی گەشەی بەرزی وا، کە رێگە نەدات بە سامانە ئابوورییە بەردەستەکان و بەکارهاتووەکان بەشێوەیەکی تایبەت، تا فەراهەمی هەلی کار و ژیانی تەواو بکەن بۆ ئاوا زیادبوونێکی بەرزی دانیشتووان، لەبەرئەوە کێشەکانی فشاری دانیشتووان لە بنەڕەتدا لە بەرزی بەرەنجامەکانی گەشەی دانیشتووانەوە دەکەوێتەوە لە میانەی ماوەیەکی زەمەنی درێژدا، بەشێوەیەک کە توانای ئابووری تێپەڕێنێت لە وەرگرتنیان و

فەراهەمی هەلی کار و ژیان بۆیان[18].. .. تەنانەت شارەزایانی ئابووری سیاسی کێشەی بێکاری دەگەڕێننەوە بۆ دوو هۆکاری بنەڕەتی، کە بریتین لە:
1. لاوازی رایەڵەکانی گەشەی ئابووری.
2. بەرەنجامی بەرزی گەشەی دانیشتووان [19].
کە لێرەدا دیسان جەخت لەوە دەکەینەوە، لە هەموو ئەو سەرچاوانەدا کە باس لە زیادبوون یان گەشەی دانیشتووان دەکرێت، باسکردنە لە زۆری ڕێژەی لەدایکبوون و کەمی مردن، کە دەبێتە هۆی زیادبوونی ڕێژەی دانیشتووان، سەرەنجامیش بەهۆی سنوورداری هەلەکانی کارکردنەوە، کێشەی بێکاری لێدەکەوێتەوە، بەڵام کارەساتەکە لای ئێمە ئەوەیە، ئەو زۆربوونەی بەسەر ژمارە و ڕێژەی دانیشتووان لە شارەکانی کوردستان بەهۆی کارەساتی ئەنفالەوە کەوتەوە، بەو شێوە سروشتییە نەبوو کە هێدی هێدی لە ئەنجامی لەدایکبوون و مردنەوە ڕوویدات و قۆناغ بە قۆناغ حکومەت ئامادەکاری بۆ بکات، بەڵکو زیادبوونێکی لەپڕ و ناسروشتی، لە بەرامبەریشدا نەبوونی هیچ پلان و ئامادەکارییەک بۆ وەرگرتنی ئەو ژمارە بێشوومارە لە دەستی کار، لە هەلی نوێی کار و پرۆژەی گرتنەخۆ، بەڕاستی کارەساتێک بوو دەکرێت ئابووریناسانی کورد کاری گەورەیان لەسەر بکردایە، بەڵام بە داخەوە قسەکردن لەسەر ئەم لایەنەی مەرگەساتی ئەنفالیش، وەکو زۆربەی لایەنەکانی تری پشتگوآ خراوە.
بێگومان هەر لە بنەڕەتیشدا یەکێک لە مەبەستەکانی پرۆسەکە، وەک لە یەکێک لە بەڵگەنامەکانی خودی رژێمی بەعس و حکومەتی عێراقیشدا، کە تیایدا وێرانکردنی کوردستان روونکراوەتەوە و لە ناو پلان و نەخشەی وێرانکردنەکەدا، کە بۆ جێبەجآ کردن ئامادەکراوە، راگواستنی ( 219,828 )خێزان هاتووە [20] کە دەبێت جێبەجێ بکرێت.. وەک جێبەجێش کرا و ئەمانە ئەو خێزانانەبوون کە لە شوێنی راستەقینەی خۆیانەوە، کە سەرجەم ئەو لادێیانەی کوردستان بوون کە تا پرۆسەی ئەنفال نەڕوخێنرابوون، لەگەڵ دانیشتووانی کۆمەڵێک شارەدێدا، بەم راگواستنەش ئەو فشارە گەورەیەی دانیشتووانی لەسەر شارەکانی کوردستان دروستکرد، کە ئەو ژمارەیەش لە خێزان بە بەراوردکردنی بە قەبارەی خێزانی لادێنشینی کورد لەو قۆناغەدا، دەکاتە زیاتر لە ( 1,250,000 ) کەس، هەرچەندە بەشێکی گەورە لەو ژمارەیە لە پرۆسەکەدا لەناوبرا.

## تەوەری سێیەم/ئاستەنگدانان لە بەردەم گەشەی ئابووری لەناوچەکانی کوردستاندا:

چ کارەساتی ئەنفال و چ هەموو ئەو پشێوییە سیاسییانەی بە بەردەوامی لەلایەن فەرمانڕەوایانی عێراقەوە لە کوردستان روویدا، ڕێگربوون لە بەردەم گەشەی ئابووری عێراق بەگشتی و گەشەی ئابووری کوردستان و ئەو ناوچانەی پشێوییەکان تێیاندا روویاندا بەتایبەتی... راستە ئابووری عێراق بەپێی ئەو ستراتیژەی کە ڕژێمی بەعس لە ژێر ناوی ستراتیژ یان پلانی نەتەوەییدا دایڕشتبوو بۆ ئابووری عێراقی، بە گوتەی خۆیان پشتی بە شێوازی سۆشیالیستی دەبەست لەڕووی ئابوورییەوە، بەڵام شێوازێک لە سۆشیالیستی کە خۆیان بەپێی ویستی خۆیان کاڵایان بۆ دەدووری و لەجیاتی ئەوەی ئیلهام لەو شێوازە لە سیستەمی ئابوورییەوە وەربگرێت، ئەمان بە ویستی خۆیان سیستەمێکیان ڕێکخستبوو و لە نێوان ستراتیژی نەتەوەیی و سۆشیالیستیدا سەریان لێشێواندبوو... بەڵام تەنها ڕوویەکی ئەو سیاسەتە کە لە سۆشیالیستی بچێت ئەوە بوو، کە هەموو پرۆژە ستراتیژییەکان سەر بە دەوڵەت و حکومەت بوون و خاوەندارێتییان گشتی بوو.. لە خوارەوەش ئەگەر پرۆژەگەلێکی بچووک هەبووایە بە ناوی خاوەندارێتی تایبەتەوە، هی لایەنگران و پیاوانی سەر بەو رژێمە بوو، ئەوەی بۆ خەڵکی گشتیش دەمایەوە، جگە لە کۆمەڵێک کار لە ئاستی بژێوی نالەبار تێناپەڕی، کە زۆرێک لەو

پیشە و کارانەش بریتی بوون لە چەکداری و کارکردن لەنێو دەزگا حیزبی و سیخوڕییەکانی ئەو ڕژێمەدا.
لەنێو ئەو کەشەش لە ڕەوشی ئابووریدا، ئەگەر کەسانێک بیریان لە پڕۆژەیەکی مامناوەندی ئابووری کردبێتەوە، ئەگەر بیریان لە جێبەجێ کردنی لە هەر بەشێکی عێراقدا کردبێتەوە، هەرگیز بیریان لەوە نەکردوەتەوە ئەو پرۆژەیە لە ناوچەکانی کوردستاندا جێبەجآ بکەن، ئەگەریش لێرە و لەوآ هەندێک پرۆژەی وەبەرهێنان دروستکرابن، ئەوا کارەساتێکی وەکو ئەنفال و هەر کارەساتێکی تری هاوشێوەی کە لە پێش ئەو کارەساتەدا بەردەوام دووبارە بوونەتەوە، بەس بوو بۆ ئەوەی لەپڕێکدا بیانسڕێتەوە، تەنانەت بڕیاری ( 4008 )ی سەرکردایەتی نووسینگەی ڕێکخستنی باکووری حیزبی بەعس، لە 20 / 6 / 1987 ، کە بۆ سەرکردایەتی فەیلەقەکانی یەک و دوو و پێنجی ناردوە، لەبارەی چۆنێتی مامەڵە لەگەڵ ناوچە قەدەغراوەکان (ئەوانەی کەوتنە بەر شاڵاوی ئەنفال)، کە گومانی تیا نییە ئەم بڕیارە دەستپێک و سەرەتایەک بوو بۆ شاڵاوەکانی ئەنفال، لە خاڵی سێهەمیدا جەخت لەم بابەتە دەکاتەوە و بە مەبەستی پشێوی دروستکردنە بۆ ئابووری و ڕاگرتنی ئەو کەرتەیە لە کوردستاندا، کە تیایدا هاتووە: ((هاتووچۆی لێوە قەدەغەیە، بەکارهێنانی کشتوکاڵ و میوەچنین و بەروبومی ئاژەڵی قەدەغەیە، پێویستە لایەنە بەرپرسەکان، بەدواداچوون بۆ ئەم بابەتە بکەن، بەپێی تایبەتمەندی خۆیان)).[21]
ئاشکراشە لەنێو ئەو ڕەوشەی ئابووری کە لە پێشەوە باسمان کرد، پرۆژەکانی ڕەنێوهانین لە ئابووری لە ناوچەکانی کوردستاندا، جگە لە کارکردن لە کەرتی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری، شتێکی ئەوتۆی تر نەبوو، دیارە کشتوکاڵ و ئاژەڵداریش لەوپەڕی شێوازی تەقلیدیدا، بەڵام بەعس بەو شێوە سنووردارەی ئابووری کوردستانیش ڕەزامەند نەبوو و نەدەکرا ئاستەنگی بۆ دانەنێت... هەر ئەوەشە وادەکات تا ئاوابوونی دەسەڵاتی ئەو ڕژێمە، لە ناوچەکانی کوردستاندا هیچ پرۆژەیەکی ئابووری ستراتیژی بوونی نەبێت.
دیارە پشێوی لە ڕەوشی ئابووریدا، ئەگەرچی ناوچەکانی کوردستانی بەشێوەیەکی تایبەت گرتبووەوە، بەڵام ناوچەکانی تری عێراقیش لەو پشێوییە لە قۆناغە جیاجیاکانی دەوڵەتی عێراقیدا بێبەش نەبوون، کە ئەوەش وایکردوە هەمیشە ئابووری عێراقی لە ڕەوشێکی خراپی گەشەکردندا بێت، هەر ئەمەشە وایکردوە ئەم بابەتە لای زۆربەی ئەو ئابووریناسانەی باسیان لە ئابووری عێراق کردوە، هەمیشە مایەی ڕەخنە و مشتومڕ بێت.
ئەوەتا ئابووریناس "د. محەمەد عەلی زەینی" لە پەرتوکەکەیدا (الاقتصاد العراقي.. الماضي والحاضر، وخيارات المستقبل)، لە باسی دیاری کردنی ئەو ئاستەنگانەی کە ڕێگربوونە لە بەردەم گەشەسەندنی ئابووری عێراقدا، ( 7 ) خاڵ دیاری دەکات و یەکێک لەو خاڵانەش نەبوونی جێگیری ڕامیارییە و لەبارەیەوە دەنووسێت: ئەم هۆکارە کاریگەرییەکی گەورەی هەبووە لە نزمی ئاستی جێبەجآ کردنی پرۆژەکان و نزمی توانای وەرگرتن لە عێراقدا، هەروەک دەنووسێت: نزمی ئاستی جێبەجآ کردن کوورت نابێتەوە لەسەر کەرتی گشتی، نەبوونی جێگیری ڕامیاری دیسان کاریگەرییەکی گەورە دەکاتە سەر ئەدای کەرتی تایبەت، ڕەنێوهێنی تایبەت قسەناکات تەنها بە زەمانی قازانج و زیان نەبێت، دڵنیاییش لە حیساباتی قازانج و زیاندا نابێت جگە لە سێبەری ڕەوشی جێگیر و یاساگەلی چەسپاودا نەبێت، ڕەنێوهێنی تایبەتیش، بەتایبەتیش لە بنەماکانی سەرمایەداری چەسپاودا دەبێت، وەکو ئەو پرۆژە پیشەسازییانەی کە جیادەکرێنەوە بە چڕی سەرمایە و پلەی باڵا لە مەترسی، ژینگەی پشێو و ئەوەی لەگەڵ خۆی دەیهێنێت لە گۆڕانکاری سیاسی و گۆڕانی یاساکان لە نێوان هەر ماوەیەکی کوورت و یەکێکی تردا بەدەرن لەمە، وەک ئەوەی لە قۆناغی شەستەکاندا روویدا و لەگەڵ خۆیدا حەڵاڵکردنی مافەکان و دەستبەسەراگرتنی موڵک و ماڵی هێنا، کە ئەمە کارێک بوو لە دوای ساڵی 1958 زۆر ڕوویدەدا، دواتریش لە دوای هەڵگەڕانەوەی 1968 و گەیشتنی حیزبی بەعسی عێراقی بە فەرمانڕەوایی زۆر توند و مەترسیدار بوو.[22]

دیسان ئابووریناس "د. عباس النصراوی" لە پەرتوکەکەیدا (الاقتصاد العراقی.. بین دمار التنمیه وتوقعات المستقبل)، لە باسی کێشەکانی گەشەپێدانی ئابووری عێراقدا، لەسەر دوو خاڵ دەوەستێت، کە بریتین لە: نەبوونی جێگیری رامیاری و بۆشایی نێوان ئامانجەکان و دەستکەوتەکانی گەشەپێدان.[23]

بەڵام کێشەی گەورە لەم بابەتەدا ئەوەیە، ئەوەی ئابووریناسانی کورد لەم بارەیەوە پشتگوێیان خستووە، ئابووریناسانی عێراقیش، وێڕای ئەوەی زۆربەیان باسیان لە زیانەکانی جەنگی عێراق- ئێران کردوە لەسەر ئابووری عێراق، بەڵام پێدەچێت ئەمانیش وەکو سیاسییە بەعسییەکانی عێراق کە شەڕ لەگەڵ کوردیان کردبوو بە بەشێک لە شەڕی ئێران- عێراق، ئەم بابەتەشیان هەر لە ناو زیانەکانی شەڕ لەگەڵ ئێراندا ئەژمارکردبێت، بۆیە ئەگەرچی رەخنەی گەورەیان لە سیاسەتی ئابووری بەعس گرتووە و رەخنەی گەورەیان ئاراستەی سیاسەتە جەنگییەکەی و بەهەدەردانی سامانێکی گەورەی عێراق لەلایەنی سەربازی و کڕینی چەکدا گرتووە، کاریگەری شەڕەکانی عێراق لەگەڵ ئێران و شەڕەکانی تری کەنداویان بە چەندین جۆر لێکداوەتەوە، بەڵام بە وشەیەکیش باسی پشێوییەکانی ناوخۆ و زیان و کاریگەرییەکانی شەڕ لەگەڵ کوردیان نەکردوە.

بۆیە دەکرێت لەبەر رۆشنایی ئەو دەستپێکە بیردۆزییەی پێشەوەدا، بە جۆرێکی تر، زیانەکانی ئەنفالی گەرمیان و تەواوی قۆناغەکانی تری ئەنفال، لەسەر دوو ئاست دابەش بکەین، کە بریتین لەو زیانە ئابوورییانەی لە ساتەوەختی کارەساتەکەدا، بەر ناوچەکانی کوردستان کەوتن لەڕووی مادییەوە، هەروەها لە ئاستی دووهەمیشدا ئەو کاریگەرییە ئابوورییانە دیاری بکەین.. کە کارەساتەکە بەدوای خۆیدا هێنای و زیانی درێژخایەنی ئابوورییان لێکەوتەوە.

## بەشی دووەم/ زیانە ئابوورییەکانی ساتەوەختی کارەساتەکە:

ئەم زیانانە خۆیان دەبیننەوە لە: زیانەکانی خانووبەرە، بەتاڵانبردنی گەنم و جۆ و نیسک و نۆک و بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی تر، چونکە لە ساتەوەختی کارەساتی ئەنفالدا، تەواوی زەوییە کشتوکاڵییەکانی سەرجەم ناوچەکانی کوردستان، بە بەروبووم داچێنرابوون و لەلایەن هێزەکانی سەر بە عێراقەوە بەتایبەتیش جاشەکانەوە کۆکرانەوە، جگە لە ناوچەی هەڵەبجە کە لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە کۆکرانەوە، سووتان و لەناوچوونی رەز و باخ، بەتاڵانبردنی ئاژەڵ و ئامێر و ئۆتۆمبێل و ترومپاکانی ئاو و زۆر بابەتی تر.

سەبارەت بە ئامار و داتای زیانەکان، زۆر سەرچاوە ئاماژەیان بۆ کردوە و داتای جۆراوجۆر و جیاوازیان سەبارەت بە زیانەکان خستووەتەڕوو، بەڵام تاقە ئامارێکی فەرمی لەم بارەیەوە، رووپێوییەکەی (بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوە و ئاماری سەر بە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە)، بۆیە ئێمە لێرەدا هەوڵئەدەین بە بەشێک لە داتا و زانیارییەکانی ناو ئەو رووپێوییە توێژینەوەکەمان لەم بارەیەوە دەوڵەمەند بکەین و بەشێکی باش لە زیانەکانی ئەنفال لە سەرجەم هەشت قۆناغەکەیدا بخەینەڕوو و پاشان کۆی زیانەکان بە شێوەی رێژەی سەدی بۆ هەر پارێزگایەکی باشووری کوردستان دیاری بکەین.

**بەشێوەیەکی گشتی** بەپێی رووپێوییەکەی بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوە و ئاماری سەر بە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان، کۆی رێژەی زیانەکانی پرۆسەکانی ئەنفال و کیمیابارانی خەڵکی کوردستان، بە پارە و بە دیناری سویسری ئەوکات نزیک دەبێتەوە لە سەد ملیۆن دینار و بریتییە لە ( 98,224,483 ) ملیۆن دیناری سویسری عێراقی، کە لە بەرامبەر دۆلاری ئەمریکی بە نرخی ئەوکات نزیک بە ( 300,000,000 ) ملیۆن دۆلاری ئەمریکی دەکات، بەشی هەر پارێزگایەکی کوردستان و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمیش بەپێی ئەم هێڵکارییەی خوارەوەیە:[24]




کۆی ئەو پارایەی کەسوکاری جینۆساید بیشاندەدات کە لە ئەنجامی شاڵاوەکان لەداستیانچوو

1- زیانەکانی دانەوێڵە، لە پرۆسەکانی ئەنفال و کیمیابارانی خەڵکی کوردستان.. خەمڵاندنی بە دۆنم، بەم شێوەیەی خوارەوە بووە:[25]




کۆی ئەو دانەوێڵەیەی کەسوکاری جینۆساید پێشاندەدات کە لە ئەنجامی شاڵاوەکان لەدەستیانچوو

دیاره له ئامارەکەدا.. لەڕووی دانەوێڵەوە، زیانەکانی هەریەک لە گەنم و جۆ و نۆک و نیسک دیاریکراوون، کە بە گشتی بریتین لە ( 527،767 ) دۆنم دانەوێڵە، کە لەو رێژەیە گەنم لە هەمووان زیاتری بەردەکەوێت و بریتییە لە ( 271،806 ) دۆنم، بە واتای ئەوەی بە تەنیا رێژەکەی لە هەرسآ دانەوێڵەکەی تر زیاترە، دواتر جۆ دێت بە رێژەی ( 224،254 )دۆنم، نۆک بە رێژەی ( 18،504 ) دۆنم و نیسک بە رێژەی ( 13،203 ) دۆنم.

دیاره سەبارەت بەو پارێزگا و ناوچانەی لە هێڵکاری ژمارە ( 1 )دا دیاریکراوون، لەڕووی دانەوێڵەوە پارێزگای کەرکوک لە ئاستی یەکەمی زیانەکاندایە، بە جۆرێک رێژەی ( 54،93 % )ی گەنم، ( 55،36 % )ی جۆ، ( 57،95 % )ی نیسک، ( 34،21 % )ی نۆکی لەنێو کۆی زیانەکاندا بەردەکەوێت، کە بەپێی داتاکان تەنیا پارێزگای کەرکوک زیاتر لە نیوەی کۆی ئەو زیانانەی بەرکەوتووە، کە لە ڕووی دانەوێڵەوە بەر ناوچەکانی کوردستان و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمیش کەوتووە، ئەمەش ئەندازەی قوورسی کارەساتەکە لەسەر ناوچەکانی کەرکوک دەردەخات، کە توێژینەوەکەی ئێمەش سەبارەت بە قۆناغی سێی ئەنفال، بەشێکی زۆری جوگرافییەکەی یان دەکەوێتە ناو سنووری جوگرافی ئەو پارێزگایەوە، یان سەر بەو پارێزگایە بووە و لە گۆڕانکارییە کارگێڕییەکانی نیوەی دووەمی حەفتاکان و لە چوارچێوەی سیاسەتی تەعریبی بەعسدا لەو پارێزگایە دابڕێنران... دیسان تێبینییەکی گرنگی ئەم ئامارە، جەخت لە راستی خەمڵاندنەکانی پێشوو سەبارەت بە زیانەکانی کارەساتی ئەنفال، لەسەر ناوچەکانی کوردستان دەکاتەوە، کە لە دیارترین و بڵاوترین خەمڵاندنیاندا سەبارەت بە خەمڵاندنی زیانەکانی پارێزگای کەرکوک، لە بواری دانەوێڵەدا هاتووە: ( 57،000 ) پەنجاوحەوت هەزار تەن گەنم و جۆ و دانەوێڵە فەوتان و سووتێنران[26].


پارێزگای سلێمانیش لە ئاستی دووەمدا دێت، بە جۆرێک رێژەی ( 28،66 % )ی گەنم، ( 29،17 % )ی جۆ، (18،52 % )ی نیسک و ( 34،94 %)ی زیانەکانی نۆکی بەردەکەوێت... سەبارەت بە پارێزگای دهۆک و هەولێریش لە ئاستی سێهەمدا دێن، دهۆک رێژەی ( 3،55 % )ی گەنم، ( 2،90 % )ی جۆ، ( 15،45 % )ی نیسک و ( 19،18 % )ی زیانەکانی نۆکی بەردەکەوێت، هەولێریش رێژەی ( 4،08 % )ی زیانەکانی گەنم و ( 3،60 % )ی زیانەکانی جۆ و ( 7،66 % )ی نیسک و ( 9،07 % )ی نۆکی بەردەکەوێت، ئەودوای رێژەکەش هی پارێزگاکانی ترە.

ئەوەی جێگای سەرنجە زیانەکانی هەولێر و دهۆک لە دانەوێڵەدا نزیک بە یەکن، بە جۆرێک لە گەنم و جۆدا هەولێر زیانی زۆرتری بەرکەوتووە و لە نۆک و نیسکدا دهۆک، لە

کاتێکدا لەسەر ئاستی کوردستان هەولێر زۆرترین زەوی هەیە بۆ چاندنی دانەوێڵە و دهۆک کەمترین زەوی بەهۆی شاخاوی بوونی ناوچەکەی و کەمی رووبەرییەوە، دیارە هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە کاتی شاڵاوەکانی ئەنفالدا، ناوچەکانی هەولێر کە زیاتر بەر قۆناغەکانی ( 5 ، 6 ، 7 )ی ئەنفال کەوتن، هەروەک بەشێک لە قۆناغی چواری ئەنفالیش بەشێک لە ناوچەکانی هەولێری لە کۆیە و تەقتەقەوە گرتەوە، جگە لەم ناوچانەی دووایییان کە بەر قۆناغی چوار کەوتن، ئەودوای ناوچەکانی تری هەولێر، بەر لە ئەنفال لە ساڵانی پێشتردا راگوێزرابوون و چەند دێیەکی کەم نەبێت ئاوەدانییان تێدا نەمابوو، بۆیە رێژەی چاندنی دانەوێڵەش لە ساڵی 1988 لە پارێزگای هەولێر زۆر کەم بووە و ئەو زیانانەش کە لە رووپێوییەکەدا هاتوون، زیاتر هی ناوچەکانی کۆیە و تەقتەق و ناوچەکانی نزیک بە سەنتەری شارن.

**2- زیانەکانی رەز و باخ، لە پرۆسەکانی ئەنفال و کیمیابارانی خەڵکی کوردستان.. بەم شێوەیەی خوارەوە بووە:**

سەبارەت بە زیانەکانی رەز و باخ، رووپێوویەکەی بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوە و ئاماری سەر بە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان، هیچ ئامارێکی نە بە دۆنم و نە بە ژمارەی رەز و باخ و نە بەهیچ جۆرە پێوانەیەکی تر نەداوە، تەنها زانیاری لەسەر رێژەی هەر پارێزگا و ناوچەیەک لەو بوارەی زیانەکاندا خستووەتەڕوو، کە بە گشتی زیانی هەر پارێزگا و ناوچەیەک، لەوانەی لە هێڵکاری ژمارە ( 1 )دا دیاریکراوون، بەم شێوەیەی خوارەوەیە:[27]




رێژەی لەناوچوونی رەز و باخ لە ناوچە جینۆسایدکراوەکان رووندەکاتەوە

وەک لە هێڵکارییەکەشدا دەردەکەوێت، لەڕووی زیانەکانی رەز و باخەوە، هەردوو پارێزگای سلێمانی و کەرکوک بە جیاوازییەکی کەم لە پێش پارێزگاکانی ترەوەن، پارێزگای دهۆکیش رێژەی ( 19،18 % ) زیانەکانی بەرکەوتووە و پارێزگای هەولێریش ( 9،07 % )ی زیانەکان و پارێزگاکانی تریش بە رێژەی (2،61 % )ی زیانەکان.


دیاره سەبارەت بە زیانەکانی رەز و باخ، ئەگەر بچینە لای هەندێک ئاماری تر، بۆ نموونە بەپێی ئامارەکانی دەستەی گشتی کشتوکاڵ- لقی سلێمانی، بەپێی ئاماری ساڵی ( 1977 )، ژمارەی درەخت لە ناوچەکانی سلێمانیدا، بریتی بووە لە ( 11،557،000 ) ملیۆن دار، کە بێگومان تا ساڵی 1988 ئەم رێژەیە دەبێت زۆر لەو ژمارەیە زیاتر بووبێت، بەڵام بەپێی ئاماری هەمان دەستە و بەپێی ئاماری ساڵی ( 1989 ) واتا ساڵێک دوای کارەساتی ئەنفال، ژمارەی درەخت لە ناوچەکانی سلێمانیدا، دابەزیوە بۆ ( 597،000 ) هەزار دار [28]، واتا بە رێژەی ( 95 % ) کەمبووەتەوە و ئەوەش زۆر بە روونی زیانەکانی ئەو کارەساتە لەم بوارەدا دەردەخات.

سەبارەت بە پارێزگای دهۆکیش، پێش راگواستنی گوندەکان باخ و باخداری لە پارێزگای دهۆک بایەخی خۆی هەبوو، رووبەری باخ و باخات لە پارێزگای دهۆک ( 48،000 ) دۆنم بوو، واتا بە رێژەی 6،3 % ی سەرجەم رووبەری باخ و باخاتی عێراق، کە ( 757،000 ) دۆنمە، بە بەراوورد کردنی لەگەڵ پارێزگاکانی دیکەی عێراق لەرووی باخ و باخاتەوە، پارێزگای دهۆک لە ریزی شەشەم بووە، سەبارەت بە دارسێو پارێزگای دهۆک لە ریزی پێشەوەی پارێزگاکاندا بووە و ژمارەی دارسێوەکانی ( ( 2،826،100 ) دار بوون، کە رێژەی ( 24،6 % )ی سەرجەم دارسێوەکانی عێراقی پێکدەهێنا، کە دەگەیشتنە ( 11،468،100 ) دار، ئەمەش ئەوە دەگەیەنآ کە چارەکی درەختی سێو و میوەی ناوکداری عێراق لە پارێزگای دهۆکدا بووە، جگە لە داری خورما و داری میوە مزرەکان شاری دهۆک لەرووی ژمارەی درەختەوە لە ریزی یەکەم بووە و نزیکەی 22 % ی سەرجەم دەختەکانی عێراقی تێدابووە کە ( 12،465،000 ) ملیۆن دار بووە، لەو ژمارەیە ( 2،734،400 ) ملیۆن داری هی دهۆک بووە... ئەوە چجای ئەوەی رێژەی داریش لە دارستانە سروشتییەکانی دهۆکدا ( 13،457،500 ) ملیۆن دار بووە، لە کاتێکدا هەموو دارستانەکانی عێراق ژمارەی دارەکانیان ( 35،130،700 ) ملیۆن دار بووە، واتا ژمارەی داری دارستانەکانی دهۆک ( 38،3 % )ی ژمارەی داری هەموو دارستانەکانی عێراقیان پێکهێناوە[29]... کە لە شاڵاوی ئەنفالدا، زۆربەی زۆری ئەم درەختانە کەوتنە بەر کاولکاریەکانی ئەو شاڵاوە، بەڵام بەداخەوە ئامارێکمان لەبەردەستدا نییە، سەبارەت بە زیانەکانی ئەو شاڵاوە بۆ سەر رەز و باخەکانی پارێزگای دهۆک وەک ژمارەی درەخت، بەڵام بە دڵنیاییەوە زیانی گەورەیان بەرکەوتووە و رووپێوویەکەی بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوە و ئاماری سەر بە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانیش، وەک لە پێشەوە ئاماژەمان پێدا ئەوەی دەرخستووە کە رێژەی (19,18 % )ی کۆی زیانەکانی رەز و باخی کوردستان بەر پارێزگای دهۆک کەوتووە.

سەبارەت بە زیانەکانی رەز و باخیش لە پارێزگای کەرکوک، بەپێی ئامارێک ( 1،435 ) هەزار و چوارسەد و سی و پێنج رەز و باخ لە شاڵاوەکانی ئەنفال و ساڵی پێشتردا سووتێنراون.[30]

**3- زیانەکانی شینایی و بێستان، لە پرۆسەکانی ئەنفال و کیمیابارانی خەڵکی کوردستان.. بەم شێوەیەی خوارەوە بووە:**

دیسان سەبارەت بە زیانەکانی شینایی و بێستانیش، رووپێوویەکەی بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوە و ئاماری سەر بە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان، هیچ ئامارێکی نە بە دۆنم و نە بە ژمارە و نە بەهیچ جۆرە پێوانەیەکی تر نەداوە، تەنها رێژەی بەرکەوتەی هەر پارێزگا و ناوچەیەکی لەو شوێنانەی لە هێڵکاری ژمارە ( 1 )دا ئاماژەیان بۆ کراوە خستووەتەڕوو، بەم شێوەیەی لە هێڵکاری خوارەوەدا هاتووە:[31]





ڕێژەی لەناوچوونی شینایی و بێستان لە ناوچە جینۆسایدکراوەکان ڕووندەکاتەوە

دیاره دیسان وەک لە هێڵکارییەکەی پێشەوەدا دەردەکەوێت، لەڕووی زیانەکانی شینایی و بێستانیشەوە، دیسان پارێزگای کەرکوک لە پێش هەموو ناوچەکانی ترەوەیە بە ڕێژەی ( 38،42 % )، پارێزگای هەولێریش بە ریژەی ( 29،14 % ) لە پلەی دووەمدایە، پارێزگای سلێمانیش بە ڕێژەی ( 18،38 % ) لە پلەی سێهەم و پارێزگای دهۆک بە ڕێژەی ( 12،07 % ) و پارێزگاکانی تریش ( 2 % ).

**4- زیانەکانی ئاژەڵ، لە پرۆسەکانی ئەنفال و کیمیابارانی خەڵکی کوردستان.. بەم شێوەیەی خوارەوە بووە:**

بەپێی ڕووپێوویەکەی بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوە و ئاماری سەر بە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان، سەبارەت بە زیانەکانی ئاژەڵ، ئاماری هەریەکە لە (مەڕ، بزن، ڕەشەوڵاخ، ئەسپ و مایین، ئێستر، کەر، کەروێشک) کۆکراوەتەوە و بەکۆی پرۆسەکە، بە هەموو جۆری ئاژەڵەکان بریتییە لە لەناوچوونی (1,440,168 ) ملیۆن سەر ئاژەڵ، بەم شێوەیەی خوارەوە:[32]




ڕێژەی لەناوچوونی ئاژەڵەکان لە ناوچە جینۆسایدکراوەکان بە ژمارە(بە سەر) ڕووندەکاتەوە

زیانی هەر پارێزگا و ناوچەیەکیش سەبارەت بە ژمارەی ئاژەڵی لەناوچوو، لەو پارێزگایانەی لە هێڵکاری ژمارە ( 1 )دا هاتووە، بۆ زیانەکان، بەپێی سەر، بەم شێوەیەی خوارەوەیە:[33]




ڕێژەی لەناوچوونی ئاژەڵەکان لە ناوچە جینۆسایدکراوەکان ڕووندەکاتەوە

کە دیسان پارێزگای کەرکوک، لە ئاماری زیانەکانی ئاژەڵیشدا پشکی شێری بەرکەوتووە و بە تەنیا خۆی زۆر زیاتر لە نیوەی زیانەکانی بەرکەوتووە و دیسان ژمارەکان بەڵگەی گەورەیی و قورسایی کارەساتەکەن لەسەر ئەو پارێزگایە، هەروەک سەبارەت بە هەر جۆرێک لەو جۆرە ئاژەڵانەی لە هێڵکاری ژمارە ( 5 )دا دیاریکراوون، دیسان پارێزگای کەرکوک لە هەموو جۆرەکاندا لە ریزبەندی یەکەمدایە بە ڕێژەی ( 317،212 ) سەر مەڕ و ( 214،678 ) سەر بزن و ( 76،092 ) سەر کەروێشک و ( 36،076 ) سەر ڕەشەوڵاخ و ( 2،623 ) سەر ئێستر و ( 7،574 ) سەر گوێدرێژ و ( 2،654 ) سەر ئەسپ و مایینی لەناوچوو، پارێزگای سلێمانیش لە پلەی دووەمی زیانەکاندا دێت، بە ڕێژەی ( 218،978 ) سەر مەڕ و ( 135،763 ) سەر بزن و ( 47،975 ) سەر کەروێشک و ( 21،133 ) سەر ڕەشەوڵاخ و ( 1،505 ) سەر ئێستر و ( 4،088 ) سەر گوێدرێژ و ( 1،634 ) سەر ئەسپ و مایینی لەناوچوو، پارێزگای دهۆکیش لە پلەی سێهەمی زیانەکاندا دێت، بە ڕێژەی ( 66،293 ) سەر مەڕ و ( 83،623 ) سەر بزن و ( 5،258 ) سەر کەروێشک و ( 6،014 ) سەر ڕەشەوڵاخ و ( 1،084 ) سەر ئێستر و ( 876 ) سەر گوێدرێژ و ( 1،315 ) سەر ئەسپ و مایینی لەناوچوو، هەریەکە لە پارێزگاکانی هەولێر و پارێزگاکانی تریش بە جیاوازییەکی کەم پلەی چوارەم و پێنجەمیان گرتووە.

هەروەک ئامارەکەی بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوە و ئاماری سەر بە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان، جیاوازی زۆری لەگەڵ ئەو خەملاندنانەدا سەلماندووە، کە کاتی خۆی سەبارەت بە زیانەکانی پارێزگای کەرکوک لە ساڵی 1988 و ساڵی پێشتردا خستوویانەتەڕوو، کە لەو ئامارانەدا زیانەکانی مەڕ و بزن و ڕەشەوڵاخ بەم شێوەیە دیاریکراوون:

- ( 472،770 ) چوارسەد و حەفتاودوو هەزار و حەوت سەد و حەفتا سەر مەڕ و بزن تاڵانکران و فەوتێنران.
- ( 15،000 )پانزەهەزار سەر ڕەشەوڵاخ تاڵانکران و فەوتێنران.[34]

وەکو بەڵگەی دادگاش، دەکرێت سوود لە زۆر نووسراوی ڕژێم لەم بوارەدا وەربگرێت، بۆ قەرەبووکردنەوەی زیانەکان، لە نموونەی ئەو نووسراوانەش، ئەو نووسراوەی فەرماندەیی فەیلەقی دوو بۆ فەرماندەیی فەیلەقی یەکە، بە ژمارە ( 152 ) لە 23 / 4 / 1988

کە باس لە روخاندن و وێرانکردنی تەواوی گوندەکانی ناوچەی قەرەداغ و بەتاڵانبردنی ( 2,500 ) دووهەزار و پێنج سەد سەر ئاژەڵ دەکات و دەڵێت: ئەو ( 2,500 ) دووهەزار و پێنج سەد سەر ئاژەڵە، لە بارەگای لیوای ( 39 ) لە (پیرەمەگرون) پارێزراون و رێنماییتان لەم بارەیەوە چییە؟.


**5- زیانەکانی پەلەوەر و مێشهەنگ، لە پرۆسەکانی ئەنفال و کیمیابارانی خەڵکی کوردستان.. بەم شێوەیەی خوارەوە بووە:**

بەپێی رووپێوویەکەی بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوە و ئاماری سەر بە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان، سەبارەت بە زیانەکانی پەلەوەر و مێشهەنگ، ئاماری هەریەکە لە (مریشک، قەل، قاز، مراوی، مێشهەنگ) کۆکراوەتەوە و بەکۆی پرۆسەکە، بە هەموو جۆری پەلەوەرەکان و کورەکانی مێشهەنگ، بریتییە لە لەناوچوونی (582,692) دانە پەلەوەر و کوورەی مێشهەنگ، بەم شێوەیەی خوارەوە:[35]




ژمارەی پەلەوەری لەناوچوو لە ناوچە جینۆسایدکراوەکان روونەکاتەوە

زیانی هەر پارێزگا و ناوچەیەکیش سەبارەت بە ژمارەی زیانەکانی پەلەوەر و مێشهەنگی لەناوچوو، لەو پارێزگایانەی لە هێڵکاری ژمارە ( 1 )دا هاتووە، بۆ زیانەکان بەپێی دانە، بەم شێوەیەی خوارەوەیە:[36]





ژمارەی پەلەوەرە لەناوچووەکان لە هەرپارێزگایەک ڕوونەکاتەوە


که دیسان پارێزگای کەرکوک، لە ئاماری زیانەکانی پەلەوەر و مێشهەنگدا پشکی شێری بەرکەوتووە و بە تەنیا خۆی زۆر زیاتر لە ( 40 % )ی زیانەکانی بەرکەوتووە و دیسان ژمارەکان بەڵگەی گەورەیی و قورسایی کارەساتەکەن لەسەر ئەو پارێزگایە، هەروەک سەبارەت بە هەر جۆرێک لەو جۆرە ئاژەڵانەی لە هێڵکاری ژمارە ( 7 )دا دیاریکراوون، پارێزگای کەرکوک بە ڕێژەی ( 102،662 ) دانە مریشک و ( 34،948 ) دانە قەل و ( 26،099 ) دانە قاز و ( 13،565 ) دانە مراوی و ( 9،359 ) کوورەی هەنگی لە کۆی زیانەکانی ئەم بوارە بەرکەوتووە. پارێزگای سلێمانیش کە لە ریزبەندی دووەمی زیانەکانی ئەم بوارەدا دێت، بە ڕێژەی ( 120،025 ) دانە مریشک و ( 40،995 ) دانە قەل و ( 22،080 ) دانە قاز و ( 9،697 ) دانە مراوی و ( 11،040 ) کوورەی هەنگی لە کۆی زیانەکانی ئەم بوارە بەرکەوتووە. هەروەک پارێزگای هەولێریش کە ریزبەندی سێیەمی زیانەکانی ئەم بوارەی بەرکەوتووە، بە ڕێژەی ( 54،555 ) دانە مریشک و ( 16،675 ) دانە قەل و ( 13،259 ) دانە قاز و ( 9،261 ) دانە مراوی و ( 4،868 ) کوورەی هەنگی لە کۆی زیانەکانی ئەم بوارە بەرکەوتووە. لە ریزبەندییەکەدا دهۆک لە پلەی چوارەم و پارێزگاکانی تریش بە جیاوازییەکی زۆر لە پلەی پێنجەمدا هاتوون.

**6- زیانەکانی لەناوچوونی ئامێرەکان، لە پرۆسەکانی ئەنفال و کیمیابارانی خەڵکی کوردستان.. بەم شێوەیەی خوارەوە بووە:**

بەپێی ڕووپێوییەکەی بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوە و ئاماری سەر بە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان، سەبارەت بە زیانەکانی لەناوچوونی ئامێرەکان، ئاماری هەریەکە لە (تراکتۆر، ماتۆڕی ئاودانی زەوی، پیکاب، ماتۆڕسکیل، جێب، ئۆتۆمبێل، قەلاب، دەڕاسە، کۆستەر، لۆری، هی تر) کۆکراوەتەوە و بەکۆی پرۆسەکە، بە هەموو جۆری ئامێرەکان، بریتییە لە لەناوچوونی (10,499 ) دانە ئامێری لەناوچوو، بەم شێوەیەی خوارەوە:[37]



ژمارەی ئامێرە لە ناوچووەکان ڕووندەکاتەوە



ژمارەی ئامێرە لەناوچووەکان لە هەر پارێزگایەک ڕووندەکاتەوە

زیانی هەر پارێزگا و ناوچەیەکیش سەبارەت بە ژمارەی زیانەکانی ئامێری لەناوچوو، لەو پارێزگایانەی لە هێڵکاری ژمارە ( 1 )دا هاتووە، بۆ زیانەکان بەپێی دانە، بەم شێوەیەی خوارەوەیە:[38]

کە دیسان پارێزگای کەرکوک، لە ئاماری زیانەکانی ئامێرەکاندا، پشکی شێری بەرکەوتووە و بە تەنیا خۆی زۆر زیاتر لە ( 40 % )ی زیانەکانی بەرکەوتووە و دیسان ژمارەکان بەڵگەی گەورەیی و قورسایی کارەساتەکەن لەسەر ئەو پارێزگایە، هەروەک سەبارەت بە هەر جۆرێک لەو جۆرە ئامێرانەی لە هێڵکاری ژمارە ( 9 )دا دیاریکراوون، پارێزگای کەرکوک زیانی بە ڕێژەی ( 2,046 ) تراکتۆر و ( 1,369 )ماتۆری ئاودانی زەوی و ( 364 ) پیکاب و ( 197 ) ماتۆڕسکیل و ( 134 ) جێب و ( 52 ) ئۆتۆمبێل و ( 46 ) دەڕاسە و ( 34 ) قەلاب و ( 16 ) لۆری و ( 10 ) کۆستەر و ( 150 ) ئامێری جیاجیای تری بەرکەوتووە، دیسان پارێزگای سلێمانیش لە پلەی دووەمدا دێت و زیانی بە ڕێژەی ( 1,251 ) تەرەکتۆر و ( 743 ) ماتۆڕی ئاودانی زەوی و ( 194 ) پیکاب و ( 266 ) ماتۆڕسکیل و (


229 ) جێب و ( 106 ) ئۆتۆمبێل و ( 65 ) دەڕاسە و ( 152 ) قەلاب و ( 22 ) لۆری و ( 21 ) کۆستەر و ( 152 ) ئامێری جیاجیای تری بەرکەوتووە، پارێزگای هەولێریش لە پلەی سێهەمدا دێت و زیانی بە ڕێژەی ( 272 ) تەرەکتۆر و ( 459 ) ماتۆڕی ئاودانی زەوی و ( 172 ) پیکاب و ( 30 ) ماتۆڕسکیل و ( 62 ) جێب و ( 83 ) ئۆتۆمبێل و ( 9 ) دەڕاسە و ( 31 ) قەلاب و ( 16 ) لۆری و ( 72 ) کۆستەر و ( 31 ) ئامێری جیاجیای تری بەرکەوتووە، هەریەک لە پارێزگای دهۆک و پارێزگاکانی تریش، بە جیاوازییەکی مامناوەند لە پلەی چوارەم و پێنجەمدا دێن بۆ بەرکەوتنی زیان لەڕووی ئامێرەکانەوە.

دیسان ئامارەکەی بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوە و ئاماری سەر بە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان، دروستی ئەو ئامارانەی ڕەتکردەوە کە زیانەکانی ساڵی 1988 و ساڵێک بەر لەو بەروارەی پارێزگای کەرکوکی خەمڵاندبوو بەم شێوەیە:

- ( 52 ) پەنجاودوو عەماراوی ئاو و ماتۆڕی بەکارهێنانیان لەناوبران.
- ( 17،220 ) حەڤدەهەزار و دووسەد و بیست تراکتۆر و مەکینەی جۆراوجۆر سووتێنران و تاڵانکران.
- ( 47 ) چلوحەوت مەکینەی ئاش لەناوبران.[39]

**7- زیانەکانی لەناوچوونی خشڵ، لە پرۆسەکانی ئەنفال و کیمیابارانی خەڵکی کوردستان.. بەم شێوەیەی خوارەوە بووە:**


بەپێی ڕووپێوویەکەی بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوە و ئاماری سەر بە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان، سەبارەت بە زیانەکانی لەناوچوونی خشڵ، ئاماری هەریەکە لە (زێڕ و زیو) کۆکراوەتەوە و بەکۆی پرۆسەکە، بڕی ( 188,271 ) مسقاڵ زێڕ و ( 65,503 )مسقاڵ زیوی ئەو پارێزگایانەی لە هێڵکاری یەکدا ناویان هاتووە لەناوچووە... بەم شێوەیەی خوارەوە:[40]




کۆی ئەو زێرەی کەسوکاری جینۆساید ڕووندەکاتەوە کە لە ئەنجامی شاڵاوەکان لەدەستیانچوو

سەبارەت بە زێڕی لەناوچوو، پارێزگای سلێمانی بە پلەی یەکەم دێت بە ڕێژەی ( 54،824 ) مسقاڵ، سەبارەت بە زێڕی لەناوچوو، پارێزگای سلێمانی بە پلەی یەکەم دێت بە ڕێژەی ( 54،824 ) مسقاڵ، هەروەها پارێزگای هەولێر لە پلەی دووهەمدا دێت بە ڕێژەی ( 38،717 ) مسقاڵ، پارێزگای کەرکوکیش لە پلەی سێهەمدا دێت بە ڕێژەی ( 37،996 ) مسقاڵ

زێری لەناوچوو، پارێزگاکانی تر بە رێژەیەکی مامناوەند لە پێش دهۆکەوە پلەی چوارەمیان گرتوە، ئەمە و سەبارەت بە زیویش، بەم شێوەیەی خوارەوەیە:[41]




کۆی ئەو زیوەی کەسوکاری جینۆساید رووندەکانەوە کە لە ئەنجامی شاڵاوەکان لەدەستیانچوو

سەبارەت بە زیویش پارێزگای کەرکوک لە پلەی یەکەمدا دێت بۆ زیوی لەناوچوو بە رێژەی ( 21،316 ) مسقاڵ، سلێمانی لە پلەی دووهەمدا دێت بە رێژەی ( 19،962 ) مسقاڵ و پارێزگاکانی تریش بە رێژەی ( 13،920 ) مسقاڵ زیوی لەناوچوو پلەی سێهەمیان گرتووە و پارێزگای دهۆکیش بە رێژەی نزیک بە دووهێندە لەپێش پارێزگای هەولێرەوەیە بۆ زیوی لەناوچوو.

کاتێک لە کۆی زیانەکانی هەندێک لە ئامارەکانی نێو رووپێوویەکەی بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوە و ئاماری سەر بە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان وردەبینەوە، هەندێک جیاوازی ئاستی بژێویمان لە پارێزگایەکەوە بۆ پارێزگایەکی تر بۆ دەردەکەوێت، بۆ نموونە زیانەکانی پارێزگای سلێمانی، لە زۆر بوارەوە دەرخەری بەرزی ئاستی بژێوی ئەو پارێزگایەمان لە ساتەوەختی کارەساتی ئەنفالدا بۆ دەردەخات، بۆ نموونە زۆربەی ئاماری زیانەکان، دەرخەری ئەو راستییە بوون کە پشکی شێری قورسایی کارەساتەکە کەوتووەتە پارێزگای کەرکوکەوە و زیانی زۆربەی بابەتەکان لەوێ لەپێشەوەی هەموو پارێزگاکاندا بوو، بەڵام کە دێیتە سەر بابەتی کانزایەکی گرانبەهای وەکو زێڕ دەبینی پارێزگای سلێمانی رێزبەندی یەکەمی گرتووە و بەتەنیا خۆی رێژەی ( 30 % )ی زیانەکانی ئەو کانزایەی بەرکەوتووە، بەڵام پارێزگای کەرکوک لەکاتێکدا لە هەموو بوارەکانی تردا لە پێشەوەی هەمووان بوو، لەم کانزا گرنبەهایەدا لە پلەی سێهەم و لە دوای پارێزگای هەولێرەوە دێت، لە کاتێکدا وەک ئاماژەمان بۆ کرد، لە کاتی پرۆسەی ئەنفالدا ناوچەکانی هەولێر بەر لە ساڵانێک چۆڵکرابوون و جگە لە هەندێک ناوچەی کۆیە و تەقتەقی ئەو پارێزگایە نەبێت، زیانێکی ئەوتۆی بەرنەکەوت، بەڵام کە هەر لە بواری خشڵدا دەچینە سەر بابەتی زیو، بە تێبینی ئەوەی ئەمیان بە بەراوورد بە زێر کانزایەکی زۆر هەرزانە، دیسان پارێزگای کەرکوک دەچێتەوە ریزبەندی یەکەم، کە ئەوەش دەرخەری نزمی ئاستی بژێوییە لەم پارێزگایە لەو ساتەوەختەدا، لە کاتێکدا لە هەمان ماوەدا لەڕووی سامانی سروشتییەوە دەوڵەمەندترین پارێزگای عێراق و بڕبڕەی ئابووریەکەی بوو، ئەوەش بەهۆی ئەوەی لەو دەمەدا رێژەی رەهای نەوتی دەرهێنراو و ناردەنی عێراق لەم پارێزگایەدا بووە.

دیسان ئەگەر زیانی ئامێرەکانیش بەهەند وەربگرین، بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی بژێوی، دەبینین وێرای ئەوەی بەپێی چەندێتی پارێزگای کەرکوک لە ریزبەندی یەکەمدایە، بەڵام بەپێی چۆنێتی و بەهای ئامێرەکان، ئامارەکە شتێکی تر دەردەخات، چونکە ئەوەی رێژەی زیانەکانی پارێزگای کەرکوکی لە بواری ئامێرەکاندا زیادکردوە، ژمارەی تراکتور و ماتۆڕی ئاودانی زەوییە، لە کاتێکدا ئەم ئامێرانە بە بەراوورد بە ئامێرەکانی تری نموونەی دەڕاسە و لۆری و قەلاب و کۆستەر نرخەکەیان زۆر کەمە، بۆیە دوای وردبوونەوە لە ژمارەی ئامێرە بەهابەرزەکان بۆمان دەردەکەوێت، لەڕووی چۆنێتییەوە هەردوو پارێزگای سلێمانی و هەولێر زیانی زۆرتریان بەرکەوتووە، بۆ نموونە لە پارێزگای کەرکوک ( 10 ) کۆستەر لەناوچووە، بەڵام لە سلێمانی ( 21 ) کۆستەر و لە هەولێر ( 72 ) کۆستەر، هەروەک لە کەرکوک ( 16 ) لۆری لەناوچووە، بەڵام لە سلێمانی ( 22 ) لۆری و لە هەولێر بە هەمان شێوە ( 16 ) لۆری، هەروەها لە کەرکوک ( 34 ) قەلاب لەناوچووە، بەڵام لە سلێمانی ( 152 ) قەلاب و لە هەولێر ( 31 ) قەلاب، دیسان لە کەرکوک ( 46 ) دەڕاسە لەناوچووە، بەڵام لە سلێمانی ( 65 ) دەڕاسە، کە هەموو ئەوانە دەرخەری ئەوەن ئاستی بژێوی لە کەرکوک نزمترین و لە هەولێر مامناوەند و لە سلێمانی لە هەمووان بەرزتر بووە، لەو کاتەدا.

ئەوەی مایەی سەرنجە رووپێوویەکەی بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوە و ئاماری سەر بە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان، ئەندازەی زیانەکانی لە بوارەکانی خانووبەرە و بینا خزمەتگوزارییەکان و رێگاوبان و زۆر لایەنی ترەوە بڵاونەکردوەتەوە، واتا زیانەکانی ناو رووپێوویەکە تەنها زیانی هاوڵاتییانە، ئەوەش بەبآ زیانەکانی خانووبەرە، چونکە لە زیانی خانووبەرەدا تەنها ئاماژەی بە رێژەی زیانی هەر پارێزگایەک کردوە، نەک ژمارەی ئەو خانووبەرانەی کە لە هەر پارێزگایەکدا لەناوچوون، بەڵام زیانە گشتییەکانی تر ئەگەر ئاماریش کرابن بڵاونەکراونەتەوە... دیارە لەم بوارەشدا کۆمەڵێک ئاماری گشتی بەبێ وردکردنەوە بڵاوکراونەتەوە، بۆ نموونە هێمن باقر لە گۆڤاری لڤین"دا بەم شێوەیە، زیانەکانی خەمڵاندوە: رووخاندنی ( 4,000 ) چوارهەزار گوند، ( 30 ) سی شارەدآ، ( 310 ) سێ سەد و دە مزگەوت، ( 100 ) سەد کڵێسا[42]. هێمن کاملیش هەمان ئاماری بڵاوکردووەتەوە، روخاندنی ( 4,000 ) گوند، ( 30 ناحیە)، ( 3,110 ) مزگەوت، ( 100 ) کڵێسا[43] .. تەنها زیانەکانیان لە ژمارەی مزگەوتەکاندا جیاوازە، کە گومانیشی تیا نییە ئامارەکەی ئەم لە رووی ژمارەی مزگەوتەوە لەوەی پێشتر راستترە، چونکە زۆربەی گوندەکانی کوردستان مزگەوتیان هەبووە و بە دەگمەن رێککەوتووە گوندێک مزگەوتی نەبێت، بۆیە ناکرێت ژمارەکەی هێمن باقر راستبێت و پێدەچێت هەڵەی چاپ ئەو ژمارە هەڵەیەی دابێت بە دەستەوە.

هەروەک د.کازم حەبیبیش دەربارەی زیانەکانی ئەنفال لە رووی بینا و خانووبەرەوە دەڵێت: ( 134,675 ) باڵەخانە روخێنران، بۆ زانیاریش ئەم باڵەخانانە سەرباری ئەوەی کە خانووی نیشتەجێ بوونی تێدابوو، بریتی بوون لە باڵەخانەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی وەک قوتابخانە و پەیمانگا و نەخۆشخانە و مزگەوت و هەروەها ناوەندە ئاسەواری و رۆشنبیرییەکانیشی گرتەوە، لەم رووەوە بڕیارێک لەلایەن رێکخراوی (چاودێریکردنی مافەکانی مرۆڤ)ەوە دەرچوو، پرۆسەکانی ئەنفالی بە تاوانێک لە دژی مرۆڤایەتی لەقەڵەمدا[44].

هەندێک ناوچەی دیاریکراویش، هەندێک داتا و ئاماری تایبەت بە خۆیان بڵاوکردووەتەوە، بۆ نموونە هەڵەبجە، ئەگەریش وەکو جوگرافیا لە سنووری هیچ قۆناغێکی ئەنفالدا نەبوو، بەڵام وەک مێژوو هاوکاتی هەمان پرۆسە بوو و زیانە ماددییەکانی بەم شێوەیە خەمڵێنراوە:

ئەو زیانانەی کە هێزەکانی عێراق گەیاندیان بە هەڵەبجە بریتین لە:
-وێرانکردنی ( 2459 ) دووهەزار و چوارسەد و پەنجاونۆ یەکەی نیشتەجێ بوون.
-تێکدانی ( 32 ) سی و دوو کیلۆمەتری تۆڕی ئاوەڕۆ.

-وێرانکردنی ( 8 ) هەشت کیلۆمەتر شەقام و شۆستەی قیرتاوکراو.
-تاڵانکردن و تێکشکاندنی ( 81 ) هەشتاویەک کیلۆمەتر تۆڕی دابەشکردنی کارەبا و وێستگە و ستوون و محاویلەی کارەبا.
-روخاندنی کارگەی پوختەکردنی توتن، کە پێکهاتبوو لە چوار نهۆم، هێزەکانی ئێرانی هەموو ئامێر و کەلوپەلەکانی تاڵانکردبوو، پێش روخاندنی لەلایەن رژێمی عێراقەوە.
-وێرانکردنی سەرای فەرمانڕەوایی.
-کاولکردنی باخچەی ساوایان.
-کاولکردنی نەخۆشخانەی شار و دوو ناوەندی تەندروستی.
-کاولکردنی بەشە ناوخۆیی خوێندکاران، کە تەلارێکی پێنج نهۆمی بوو.
-کاولکردنی فەرمانگە میرییەکانی وەکو کشتوکاڵ، ئاودێری، تەندروستی، ئاژەڵ بەخێوکردن، ئاگرکوژێنەوە، بەرید و تەلەفونکردن، گەنجان، مەرکەزی پۆلیس.[45]

هێزەکانی ئێرانیش لای خۆیانەوە ئەم زیانانەیان بە هەڵەبجە گەیاند:
-دروێنەکردن و گواستنەوەی گەنم و جۆی ئەو ساڵەی سنوورەکە بۆ ئێران، هەندێک لەو جوتیارانەی کە بەڵگەنامەیان هەبوو، بە مەزەندە گەنم و جۆیان بۆیان گەڕاندەوە.
-دزینی پەرتوکەکانی پەرتوکخانەی هەڵەبجە، کە بڕی ( 17,600 ) حەڤدەهەزار و شەش سەد پەرتوک بوو.
-کەلوپەلی ( 25 ) بیست و پێنج قوتابخانە، بە مێز و تەختەڕەش و دەفتەر و پێنووسی فێرخوازانەوە.
-کەلوپەل و ئامێری کارەبا و فەرش و راخەری ( 21 ) بیست و یەک مزگەوت.
ئەمە و ئێران بە خواستی خۆی رۆژی ( 13 / 7 / 1988 ) لە هەڵەبجە کشایەوە، چەند رۆژ پێش ئاشکراکردنی وەستانی شەڕ، لە کاتی کشانەوەیدا بە خێرایی دەستیدایە تەقاندنەوەی دامودەزگاکانی دەوڵەت و ئەو رۆژە تەنها فریای تەقاندنەوەی ( 73 ) بینای دەوڵەت کەوت، کە زۆرینەیان قوتابخانە و نەخۆشخانە و فەرمانگە خزمەتگوزارییەکان بوون، واتا دەتوانین بڵێین بەشێوەیەک لە شێوەکان، ئێران بەدەر لە یارمەتییە مرۆییەکان بۆ هەڵەبجە، لە هەمانکاتدا دەستی هەبووە لە بەشێک لە تاڵانکردن و وێرانکردنیدا، هاوشانی پەلاماری هێرشی جینۆسایدکردنی لەلایەن رژێمی بەعسەوە... دەتوانین بڵێین هەڵەبجە بووبوو بە وێرانە، بە هەمووی نزیکەی ( 100 ) سەد خانوو بەپێوە مابوو و ئەودوای هەمووی روخابوو، سەرەڕای خانوو.. تەواوی مزگەوت، نەخۆشخانە، خوێندنگە، ...هتد، هەمووی روخابوو.[46]
ئەوە جگە لە بڕین و تاڵانکردنی بانکی هەڵەبجە، کە بەپێی زانیارییەکان بڕێکی زۆر لە پارە و ئاڵتوونی تێدابووە و تا ئێستاش جێگای مشتومڕی ئەوەی لەسەرە کە چۆن تاڵانکرا، دیسان ئەم ئامارە زیانەکانی ناوچەی خورماڵ و زۆر شوێنی تری سنوورەکەی تیا نییە.
سەبارەت بە ناوچەکانی کەرکوکیش، لە ئەنجامی ئەنفال و ئەو رێوشوێنانەی لە ساڵی پێشتردا وەک ئاماژەمان پێدا لە دەوروبەری کەرکوک دەستی پێکردبوو، تەنها لە سنووری کەرکوکدا ئەم زیانانە کەوتنەوە::
-( 781 ) حەوت سەد و هەشتا و یەک گوند سووتێنران.
-( 6 ) شەش شارەدێ وێرانکران.
-( 39،178 ) سی و نۆ هەزار و سەد و حەفتاوهەشت خانووبەرە وێرانکران.
-( 381 ) سێ سەد و هەشتاویەک قوتابخانە وێرانکران.
-( 657 ) شەش سەد و پەنجاوحەوت مزگەوت وێرانکران.
-( 157 ) سەدوپەنجا و حەوت تەکیە و خانەقا و مەرقەد و شوێنەواری ئایینی وێرانکران.
-( 69 ) شەست و نۆ نەخۆشخانە وێرانکران.

-( 45،777 ) چلوپێنج  هەزار و حەوت سەد و حەفتاوحەوت خێزان، ئاوارە و بێسەروشوێن كران.
-( 52 ) پەنجاودوو عەماراوی ئاو و ماتۆڕی بەكارهێنانیان لەناوبران.
-(135 ) سەد و سی و پێنج كارێز و ئەستێڵ تەقێنرانەوە.
-( 1،435 ) هەزار و چوارسەد و سی و پێنج رەز و باخ سووتێنران.
-( 17،220 ) حەڤدەهەزار و دووسەد و بیست تراكتۆر و مەكینەی جۆراوجۆر سووتێنران و تاڵانكران.
-( 47 ) چلوحەوت مەكینەی ئاش لەناوبران.
-( 472،770 ) چوارسەد و حەفتاودوو هەزار و حەوت سەد و حەفتا سەر مەڕ و بزن تاڵانكران و فەوتێنران.
-( 15،000 ) پانزەهەزار سەر رەشەوڵاخ تاڵانكران و فەوتێنران.
-( 57،000 ) پەنجاوحەوت هەزار تەن گەنم و جۆ و دانەوێڵە فەوتان و سووتێنران.
-بێسەروشوێن كردنی زیاتر لە ( 80،000 ) هەشتاهەزار هاوڵاتی كورد لە ژن و مناڵ و پیر و گەنج[47].

لە یەكێك لە بەڵگەنامەكانی خودی رژێمی بەعس و حكومەتی عێراقیشدا، وێرانكردنی كوردستان روونكراوەتەوە و پلان و نەخشەی وێرانكردنەكە بەم جۆرە دیاریكراوە:
1-وێرانكردنی ( 3،839 ) سێ هەزار و هەشت سەد و سی و نۆ گوند و شار.
2-وێرانكردنی ( 1،757 ) هەزار و حەوت سەد و پەنجاوحەوت قوتابخانە.
3-وێرانكردنی ( 2،457 ) دووهەزار و چوارسەد و پەنجاوحەوت مزگەوت و جێگەی ئایینی.
4-وێرانكردنی ( 271 ) دووسەد و حەفتاویەک نەخۆشخانە و تیمارگە.
5-راگواستنی ( 219،828 ) دووسەد و نۆزدەهەزار و هەشت سەد وبیست و هەشت خێزان.[48]

**بەشی سێیەم/زیانە ئابوورییە دوورمەوداکانی کارەساتەکە:**

بە کارەساتی ئەنفال دیموگرافیای سروشتی شوێنی نیشتەجێ بوونی سەرجەم کوردستانیان گۆڕانی بەسەردا هات، ئەوەش بە وێرانکردنی نزیک بە ( 5،000 ) پێنج هەزار گوند و دەیان شارەدێ و چەند شارۆچکەیەک و کۆکردنەوەیان لە کۆمەڵێک ئۆردوگا لەپاڵ شار و شارۆچکەکانی ترەوە، ئۆردوگاکان هەزاران دۆنم زەوی لە بەپیتترین زەوییە کشتوکاڵییەکانیان کرد بە ژێرەوە، بارگرانییەکی گەورەیان لە هەموو ڕوویەکەوە لەسەر شار و شارۆچکەکانی تر دروستکرد، بەهۆی ئەوەی زۆربەی کوردستان کرا بە ناوچەی قەدەغەکراو، کشتوکاڵ لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان ڕاگیرا، هەزاران باخی بەردار وشک بوون، هەزاران سەرچاوەی کانی و کارێز و پرۆژەی ئاو لەلایەن سوپای ڕژێمی عێراقییەوە بە ڕێگای جیاواز پڕکرانەوە، هەزاران دۆنم دارستان و باخی بەردار لەناوبران... ئەکرێت لەم پێشەکییەی سەرەوەوە چەند لێکەوتەیەکی مەترسیداری دوورمەودای ئابووری کارەساتەکە هەڵێنجین، لەوانە:

1-بێکاری:

ئەو بێکارییەی کارەساتی ئەنفال بە دوای خۆیدا هێنای، لەلایەک وەک لە پێشەوە ئاماژەمان بۆ کرد، ڕێژەکەی لەوپەڕی مەترسیدابوو و لەلایەکی تریشەوە، بێکارییەکی دوورمەودا بوو و تا هەنووکەش شوێنەوارەکانی نەڕەویوەتەوە، بەڵام لە پێشەوە هەڵوێستەمان لەسەر کرد و ناچینەوە سەری و تەنها بەم قسەی ڕێبوار ئیبراهیم سلێمان کۆتایی پێدەهێنین: کە لە باسی زیانە ئابوورییەکانی ئەنفالی دۆڵی جافەتیدا دەنووسێت: ((خەڵک و جوتیاری ناوچەکە بەرهەمهێنەر و چالاک بوون، بەڵام لە ئەنجامی ئەم پرۆسەیەدا کار و پیشەیان لەدەستدا و بوون بە کەسێکی بەکاربەر)).[49]

2-چۆڵکردنی گوندەکان:

ڕووپێوویەکەی بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوە و ئاماری سەر بە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان، ئەوە دەردەخات کە ( 17،92 % ) ی ئەو ناوچە و گوندانەی کە تووشی کارەساتی جینۆساید بوون، ئێستا ژیانیان تێدا نییە و هیچ کەسێک لە کەسوکاری قوربانییان، نەگەڕاونەتەوە شوێنی جارانیان [50].. هەڵبەت ئەو شوێنانەی ئاوەدانیش کراونەتەوە، لە کەم جێ وەک پێویست ژیان کردن دەبینی، ئەگینا زۆربەی خەڵکی لادێنشین ئێستا شارنشینن و ڕەنگە ئەو هەلومەرجەی لە شار تێکەڵی بوون، ڕێگەی ئەوەیان نەدات جارێکی تر بچنەوە گوندەکانی خۆیان، بەتایبەتیش گوندەکان وەک پێویست ئاوڕیان لێ نەدراوەتەوە و زۆربەی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان لە زۆرێک لە گوندەکاندا نییە، بەتایبەتیش خوێندنگا و ناوەندی تەندروستی پێویست، بۆیە خەڵکی گوندەکانیش ئامادەنین ئایندەی منداڵەکانیان بکەن بە قوربانی، ئەوە سەرەڕای زۆر هۆکاری تری وەکو مەترسی مین لە هەندێک ناوچە و زۆر مەترسی خێڵەکی و نەتەوەیی و ڕامیاریش لە گوندەکانی ناوچەی کەرکوک و بەشێک لە گوندەکانی هەولێر و دهۆکیش.

3-دابڕان:

جوتیاری کورد بە ژیانێکی نامۆ بە ژیانی جوتیاری ئاشناکرا، کە لەگەڵ حەز و ئارەزوو و شارەزایی ئەودا ناگونجا، کە ڕژێمی عێراقیش لەناوچوو، زۆربەیان بەهۆی دابرانەوە نەیانتووانی بچنەوە سەر پیشەی رابردوویان، ڕووپێوویەکەی بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوە و ئاماری سەر بە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان، ئەوە دەخاتەڕوو کە ( 61،20 % )ی کەسوکاری قوربانییان ئامادەنین بگەڕێنەوە بۆ شوێنەکانی جارانیان و لەوێ ژیان بکەن[51]، دیسان لە ڕاپرسی توێژینەوەیەکیشدا لەنێو گەنجانی ئۆردوگاکانی شۆڕش و

تەکیەی سەر بە چەمچەماڵ، سەبارەت بەوەی ئایا ئامادەی لە ئێستا یان ئاییندەدا، بگەڕێیتەوە بۆ شوێنی نیشتەجآ بوونی بەر لە ئەنفال، ئەنجامەکان بەم شێوەیە بووە:[52]

| وەڵام | ڕێژەی سەدی |
|---|---|
| بەڵێ | % 33 |
| نەخێر | % 77 |

کە بەڕاستی ئەم ڕێژانە مایەی مەترسی و هەڵوێستە لەسەر کردنن، مایەی ئەوەن بەدواداچوونی بۆ بکرێت، چونکە گوند و شار پێکەوە تەواوکەری هاوسەنگی دوو لای هاوکێشەیەکن، دەکرێت بە دوای چارەسەری گونجاودا لێکۆڵینەوە بکرێت، بۆ نموونە کۆمەڵگای هاوچەرخی خاوەن خزمەتگوزاری لە چەقی هەر کۆمەڵە گوندێکدا بکرێتەوە و خەڵکی نزیک بخرێنەوە لە زەویوزار و گوندەکانیان و دواجار نزیک بکرێنەوە لە پیشەی جارانیان، ئەمە هەروەک پێشنیارێک، ئەکرێت زۆر پێشنیاری بەسوودی تر لەم بوارودا سوودببەخشن، بەڵام ئەمە دڵسۆزی و بودجەی پێویستی دەوآ و تەنها بە قسە جێبەجێ نابێت، بۆیە بەتەنگەوە هاتنی جدی حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکانی پێویستە.

4-کەمبوونەوەی بەرهەمی خۆماڵی و سروشتی و مەترسی ئاسایشی خۆراک:

یەکێک لە هەرە ئامانجە گەورەکانی گەشەی ئابووری، گەیشتنە بە ئاستی خۆبژێوی لە کەرتی خۆراکدا، تا ئاسایشی خۆراکی هەر وڵات و هەرێمێک بەشێوەیەک فەراهەم ببێت، کە لە کاتی پشێوییە سیاسییەکاندا توانای ڕووبەڕوو بوونەوەی هەبێت، کەرتی کشتوکاڵی (ڕووەکی و ئاژەڵی) ناوچەکانی کوردستان هەرچەندە وەکو میکانیزم لەلایەن حکومەتەوە هیچ گرنگییەکی پێنەدرابوو و بە هەرە شێوازی تەقلیدی بەڕێوە دەبرا، بەڵام توانیبووی تاڕادەیەکی باش پێداویستی ناوخۆ پڕبکاتەوە، تا ئەوەی زۆر ماددەی خۆراکی وەکو گۆشتی سوور و دانەوێڵە و بەرهەمی میوە و سەوزەی بۆ بەشەکانی تری عێراق دابین دەکرد، بەڵام ئەنفال بەڕادەیەک زیانی بەم کەرتە گەیاند، کە تا ئێستاش نەتوانراوە قەرەبوو بکرێتەوە.

ئێمە لە سەردانیکردنماندا بۆ مۆنۆمێنتی چەمچەماڵ، "هابیل ئەحمەد"ی بەڕێوەبەری ئەنفال، زۆر جەختی لەم بابەتە دەکردەوە و وتی: ئێمە ڕاهاتووین لە زیانەکانی ئەنفالدا، تەنها بیر لە زیانە مرۆییەکان بکەینەوە، بەڵام لایەنی ئابووری زیانەکان هیچ لە زیانە مرۆییەکەی کەمتر نییە، تۆ سەردانێکی بازاڕ بکە و بزانە دەستکەوتنی بەرهەمە خۆماڵییەکان و نرخیان چەندە بەرز بووەتەوە[53].. بەڵام بەڕاستیش ئەگەر بە وردی بڕوانیتە نرخی کاڵا کشتوکاڵییە ناوخۆییەکان لە بازاڕەکانی کوردستان و عێراق لە پێش ئەنفال و پاش ڕوودانی کارەساتەکەدا، زۆر بە ڕوونی ئاستی مەترسی نرخەکانت لە دوای ئەنفال بۆ دەردەکەوێت، بۆ نموونە ئەگەر گۆشتی سوور بە نموونە وەربگرین، ئەگەرچی پێش ئەنفال بازاڕی کوردستان تەنها پشتی بە بەرهەمی ناوخۆ دەبەست، بەڵام تا ڕوودانی کارەساتەکەش نرخی یەک کیلۆ گۆشتی سوور ( 6 دۆلار)ی تێنەپەڕاندووە، بەڵام لە کاتی ئێستادا وێڕای ئەو هەموو هاوردەنییەی ئاژەڵ لە دەرەوە کوردستانەوە، بەڵام حاڵی حازر هیچ کاتێک نرخی گۆشتی سوور لە شارە گەورەکانی کوردستاندا لە ( 12 دۆلار) کەمتر نییە، کەواتا نرخەکەی بۆ دوو هێندە بەرزبووەتەوە، خۆ ئەگەر هاوردەنی ئاژەڵی دەرەکیش نەبێت، نرخەکەی زۆر لەوە بەرزتر دەبێتەوە، بێگومان بۆ کاڵاکانی تریش بە هەمان شێوەیە.

وەک یوسف دزەییش لە باسی زیانەکانی ئەنفالی گەرمیاندا، کە مەبەستی سەرەکی ئێمەیە، ئاماژە بەم بابەتە دەکات و دەنووسێت: ((ناوچەکانی گەرمیان بەشێکی گرنگی ژێرخانی ئابووری هەردوو پارێزگای کەرکوک و سلێمانی پێکدەهێنا، بە لەناوبردنی ئەم ناوچەیە، لەلایەک بێکارییەکی زۆری دروستکرد و چەندان پیشەی تووشی لەناوبردن کرد، کە تایبەت

بوون به ناوچەکە، لەلایەکی تریشەوە خەڵکی ئەم پارێزگایانە و کوردستانی بێبەشکرد لەم بەرهەم و بەرووبوومانە[54])).

5-کێشەی دواکەوتوویی ئابووری:
بێگومان سەرەکیترین کاریگەری ئەنفال، بۆ سەر ئابووری کوردستان، کێشەی دواکەوتوویی ئابووری بوو، کە ئەم کێشەیە یەکێکە لەو کێشە هەرە گرنگانەی ئابووری کە کۆی ئابووریناسانی بواری گەشەی ئابووری لەسەری دوواون، لە هەرە کاریگەرییە دیارەکانیشی بریتییە لە هەژاری، تایبەتمەندییەکانیشی خۆی دەبینێتەوە لە: پابەندبوون بە رەنێوهێنییە سەرەتاییەکان و هەڵوەشانەوەی پەیکەری ناردەنی و دووفاقی بوونی ئابووری[*] و دابەزینی داهاتی تاک و فشاری دانیشتووان و دواکەتوویی دانیشتووان و کۆمەڵێک هۆکاری دیکە[55]... کە ئەگەر بە وردی لە کارەساتی ئەنفال وردبینەوە، زۆربەی کاریگەری ئەو تایبەتمەندییانەی بە دوای خۆیدا هێنا... هەروەک یەکێک لە مەترسیدارترین ئەو کاریگەرییانەی بەر ئابووری کەوت، وێرانکردنی کەرتی کشتوکاڵی کوردستان بوو، ئەوە لە کاتێکدا شارەزایانی گەشەی ئابووری، یەکێک لەو ستراتیژانەی لە گەشەدا جەختی لێدەکەنەوە، ستراتیژی پێکەوەبەستنی نێوان گەشەی کشتوکاڵی و گەشەی پیشەسازییە.[56]

## کۆتایی و دەرەنجامەکان:

١- ئەم توێژینەوەیە دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی، کە پرۆسەی ئەنفال، جیا لەوەی بەمەبەستی جینۆسایدی فیزیکی مرۆڤی کورد بەرنامەڕێژی بۆ کرابوو، لە زۆر لایەنی تریشەوە نەخشەڕێژی کرابوو بۆ ئەو پرۆسەیە، لایەنی ئابووریش وەک بنەمایەکی گرنگی ژیانی و مرۆیی و جۆرێک لە جینۆساید بەدەر نەبوو لەو نەخشەڕێژییە.
٢-پێکهاتە سەرەکییەکانی ئابووری هەر ناوچەیەک بەیەکداچوو و پێکەوە پەیوەستن و هەمووشیان کاریگەریی تەواو دەکەنە سەر یەکتر، لە هەردوو رووی (ئیجابی و سلبی)ییەوە، بۆیە کاریگەرییە ئابوورییەکانی پرۆسەی ئەنفال لەسەر خاک و خەڵکی کوردستان لەسەر لایەنێکی دیاریکراوی بنەما سەرەکییەکانی ئابووری کوردستان چڕ نابێتەوە، بەڵکو لە زۆر لایەنی جیاوازەوە دەرهاویشتەی نێگەتیڤی بەسەر ئابووری کوردستانەوە جێهێشتووە.

٣-بەگشتی پرۆسەکە لە هەردوو لایەنی چ کاریگەرییە ئابوورییەکانی ساتەوەختی تاوانەکە و چ کاریگەری ئابووری دوورمەودا، هۆکارێکی گەورەبوو لە زیانگەیاندن و دواخستنی ئابووری کوردستان و ئاستەنگ دانان لەبەردەم بەرەوپێشچوونیدا.

## سەرچاوەکان

[1] بارثا داسكوبتا: علم الاقتصاد.. مقدمة مختصرة جداً: ترجمة: د. خضر الأحمد: الطبعة الأولى، 2008 ، شركة العبيكان للأبحاث والتطوير، السعودية، ص 211 .

2 د.ابراهيم مشورب: الاقتصاد السياسي.. مبادىء- مدارس- أنظمة: الطبعة الاولى، 2002 ، دار المنهل اللبناني ومكتبة رأس النبع، ص 232 .

3 د.محەمەد ئیحسان: جینۆسایدی کوردلەعێراق..فەیلییەکان،بارزانییەکان،ئەنفال،هەڵەبجە،بەعەرەبکردن: چاپی یەکەم، 2017 ،چاپخانەی شەهاب،هەولێر.، لا 472 – 477 .

[4] ناهیدە تاڵەبانی وجاسم محەمەد محەمەدعەلی: ئەنفالی گەرمیان..رەهەندە دیموگرافی،ئابوری وکۆمەڵایەتییەکانی: چاپی یەکەم، 2002 ،چاپخانەی وشە،سلێمانی، لا 73 – 77 .

[5]: رابیعة حەمة ساڵح ئیسماعیل: گۆڤاری کەرکوك،کۆمەڵەی روناکبیری وکۆمەڵایەتی پارێزگای کەرکوك،ژمارە 24 ،ساڵی شەشەم،لا 71 – 72 .

**[6] روبرت كارسون: ماذا يعرف الاقتصاديون عن التسعينات وما بعدها: ترجمة: د.دانيال رزق: الطبعة الأولى، 1994 ، الدار الدولية للنشر والتوزيع، القاهرة، ص 158 .**

[7] د.محمد نبيل جامع: البطالة قنبلة موقوتة فك شفراتها وحديث مع الشباب: ص 6 .

[8] روبرت كارسون: ماذا يعرف الاقتصاديون عن التسعينات ومابعدها: ترجمة: د.دانيال رزق،الطبعةالأولى، 1994 ،الدارالدولية للنشروالتوزيع،القاهرة.، ص 158 – 160 ..

[9] د.محمد نبيل جامع: البطالة قنبلة موقوتة فك شفراتها وحديث مع الشباب ، ص6 -7 .

[10] روبرت كارسون: ماذا يعرف الاقتصاديون عن التسعينات ومابعدها: ترجمة: د.دانيال رزق،الطبعةالأولى، 1994 ،الدارالدولية للنشروالتوزيع،القاهرة ، ص 162 .

[11] د.محمد نبيل جامع: البطالة قنبلة موقوتة فك شفراتها وحديث مع الشباب ، ص 9

[12] د. مدحت القريشي: التنمية الاقتصادية.. نظريات وسياسات وموضوعات: الطبعة الأولى، 2007 ، دار وائل للنشر والتوزيع، الأردن، عمان، ص 34 .

[13] د.فليح حسن خلف: التنمية والتخطيط الاقتصادي: : الطبعة الأولى، 2006 ، جدارا للكتاب العالمي- عمان، الأردن، وعالم الكتب الحديث- إربد- الأردن، ص 61 .

[14]د. مدحت القريشي: التنمية الاقتصادية.. نظريات وسياسات وموضوعات: الطبعة الأولى، 2007 ، دار وائل للنشر والتوزيع، الأردن، عمان ، ص 34 – 35 . د.فليح حسن خلف: التنمية والتخطيط الاقتصادي: : الطبعة الأولى، 2006 ، جدارا للكتاب العالمي- عمان، الأردن، وعالم الكتب الحديث- إربد- الأردن ، ص 61 .

[15] د.فليح حسن خلف: التنمية والتخطيط الاقتصادي: : الطبعة الأولى، 2006 ، جدارا للكتاب العالمي- عمان، الأردن، وعالم الكتب الحديث- إربد- الأردن ، ص 151 – 157 .

[16]د. مدحت القريشي: المصدر نفسه، ص 34 – 35 .

[17] شاهر أحمد نصر: بحوث في الاقتصاد السياسي: الطبعة الأولى، 2008 ، دار الطليعة الجديدة، سورية، دمشق، ص 50 .

[18] د.فليح حسن خلف: نفس مصدر، ص 62 .

[19]شاهر أحمد نصر: المصدر نفسه، ص 212 .

[20] د.مارف عومەر طولأ: جینۆسایدی گەلی کوردلەبەررۆشنایی یاسای نێودەوڵەتاندا،چاپی چوارەم، 2007 ،دەزگای ئاراس،هەولێر، لا 48 .

[21] بڕوانە دەقی بڕیارەکە، لە پاشکۆی توێژینەوەکەدا.

[22] د. محمد علي زيني: الاقتصاد العراقي.. الماضي والحاضر، وخيارات المستقبل، الطبعة الثالثة، 2009 ، دار الملاك للفنون والآداب والنشر، ص 90 – 91 .

[23] د. عباس النصراوي: الاقتصاد العراقي.. بين دمار التنمية وتوقعات المستقبل 1950 – 2010 : ترجمة: محمد سعيد عبدالعزيز: الطبعة الأولى، 1995 ، دار الكنوز الأدبية، لبنان، بيروت، ص 182 – 190 .

[24] پرۆژەی ئەرشیفکردنی جینۆسایدی گەلی کورد - زنجیرەی 4:خستنەڕووی هێڵکاری زانیارییەکانی جینۆسایدی گەلی کورد: لا 68 .

25 پرۆژەی ئەرشیفکردنی جینۆسایدی گەلی کورد - زنجیرەی 4 : خستنەڕووی هێڵکاری زانیارییەکانی جینۆسایدی گەلی کورد لا 75 .

[26] سەرژمێری گشتی دێهات و شارۆچکە وێرانکراوەکانی پارێزگای کەرکوك.. 1987 – 1988 ، راگەیاندنی لقی کەرکوکی حیزبی سۆشیالیستی کوردستان- عێراق، 1989 . ئاوارە حسێن: هەمان سەرچاوە، لا 172 . د.مارف عومەر گوڵ: هەمان سەرچاوە ، لا 58 .

[27] پرۆژەی ئەرشیفکردنی جینۆسایدی گەلی کورد - زنجیرەی 4 : خستنەڕووی هێڵکاری زانیارییەکانی جینۆسایدی گەلی کورد ،لا 73 .
[28] د. سەلآحەدین حەفید: ئابووری کوردستان 1977 – 1990 : چاپی یەکەم، 2000 ، لە بلآوکراوەکان سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی ، لا 57 .
[29] د. سەلآحەدین حەفید: ئابووری کوردستان 1977 – 1990 : چاپی یەکەم، 2000 ، لە بلآوکراوەکان سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی ، لا 209 .
[30] سەرژمێری گشتی دێهات و شارۆچکە وێرانکراوەکانی پارێزگای کەرکوك.. 1987 – 1988 ، راگەیاندنی لقی کەرکوکی حیزبی سۆشیالیستی کوردستان- عێراق، 1989 . ئاوارە حسێن: هەمان سەرچاوە، لا 172 . د.مارف عومەر گوڵ: هەمان سەرچاوە ، لا 58 .
[31] پرۆژەی ئەرشیفکردنی جینۆسایدی گەلی کورد - زنجیرەی 4 : خستنەڕووی هێڵکاری زانیارییەکانی جینۆسایدی گەلی کورد ،لا 74 .
[32] پرۆژەی ئەرشیفکردنی جینۆسایدی گەلی کورد: زنجیرەی 4 : خستنەڕووی هێڵکاری زانیارییەکانی جینۆسایدی گەلی کورد ، لا 76 .
[33] پرۆژەی ئەرشیفکردنی جینۆسایدی گەلی کورد - زنجیرەی 4 : خستنەڕووی هێڵکاری زانیارییەکانی جینۆسایدی گەلی کورد ، لا 78 .
[34] سەرژمێری گشتی دێهات و شارۆچکە وێرانکراوەکانی پارێزگای کەرکوك.. 1987 – 1988 ، راگەیاندنی لقی کەرکوکی حیزبی سۆشیالیستی کوردستان- عێراق، 1989 . ئاوارە حسێن: هەمان سەرچاوە، لا 172 . د.مارف عومەر گوڵ: هەمان سەرچاوە ، لا 58 .
[35] پرۆژەی ئەرشیفکردنی جینۆسایدی گەلی کورد - زنجیرەی 4 : خستنەڕووی هێڵکاری زانیارییەکانی جینۆسایدی گەلی کورد ، لا 86 .
[36] پرۆژەی ئەرشیفکردنی جینۆسایدی گەلی کورد - زنجیرەی 4 : خستنەڕووی هێڵکاری زانیارییەکانی جینۆسایدی گەلی کورد ، لا 92 .
[37] پرۆژەی ئەرشیفکردنی جینۆسایدی گەلی کورد - زنجیرەی 4 ، لا 99 .
[38] پرۆژەی ئەرشیفکردنی جینۆسایدی گەلی کورد - زنجیرەی 4 ، لا 98 .
[39] سەرژمێری گشتی دێهات و شارۆچکە وێرانکراوەکانی پارێزگای کەرکوك.. 1987 – 1988 ، راگەیاندنی لقی کەرکوکی حیزبی سۆشیالیستی کوردستان- عێراق، 1989 . ئاوارە حسێن: هەمان سەرچاوە، لا 172 . د.مارف عومەر گوڵ: هەمان سەرچاوە ، لا 58 .
[40] پرۆژەی ئەرشیفکردنی جینۆسایدی گەلی کورد- زنجیرەی 4 ، لا 105 .
[41] پرۆژەی ئەرشیفکردنی جینۆسایدی گەلی کورد- زنجیرەی 4 ، لا 105 .
[42] هێمن باقر: گۆڤاری لڤین: سەنتەری چالاکی لاوان،ژمارە 16 ،نیسانی 2004 ،سلێمانی ، لا 7 .
[43] هێمن کامیل: ئەنفالی چوار و کاریگەرییە کۆمەلآیەتییەکانی لەسەر گەنجی کەسوکاری ئەنفال: چاپی یەکەم، 2011 ، لە بلآوکراوەکانی کۆمەڵەی روناکبیری کەرکوك، کەرکوك ، لا 22 .
[44] د.کازم حەبیب: کۆمەڵێك نووسەر: کورد..عەرەب.. شۆڤێنزم: و. بەهرام محەمەد- کاکل: چاپی یەکەم، 2007 ،لەبلآوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری- بەڕێوەبەرێتی گشتی رۆژنامە نووسی وچاپ وبلآوکردنەوە،هەولێر، لا 146 .

[45] ئاوارە حسێن: جینۆسایدی کوردلەروانگەی یاسای تاوانکاری نێودەوڵەتییەوە: چاپی یەکەم، 2017 ،چاپخانەی حەمدی،سلێمانی ، لا 205 .
[46] ئاوارة حسێن: هةمان سةرضاوةی ثێشوو، لا 205 – 206 .
[47] سەرژمێری گشتی دێهات و شارۆچکە وێرانکراوەکانی پارێزگای کەرکوك.. 1987 – 1988 ، راگەیاندنی لقی کەرکوکی حیزبی سۆشیالیستی کوردستان- عێراق، 1989 . ئاوارە حسێن: هەمان سەرچاوە، لا 172 . د.مارف عومەر گوڵ: هەمان سەرچاوە ، لا 58 .

[48] د.مارف عومەر گوڵ: هەمان سەرچاوە ، لا 48 .
[49] رێبوار ئیبراهیم سلێمان: پرۆسەی ئەنفال وکیمیابارانی دۆڵی جافەتی: چاپی یەکەم ، 2013 ، لا 97 – 98 .
[50] پرۆژەی ئەرشیفکردنی جینۆسایدی گەلی کورد- زنجیرەی 4 ، لا 55 .
[51] پرۆژەی ئەرشیفکردنی جینۆسایدی گەلی کورد: هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لا 56 .
[52] هێمن کامیل: ئەنفالی چواروکاریگەرییەکۆمەلآیەتییەکانی لەسەرگەنجی کەسوکاری ئەنفال: چاپی یەکەم، 2011 ،لەبلآوکراوەکانی کۆمەڵەی روناکبیری کەرکوك،کەرکوك ، لا 129 .

[53] چاوپێکەتن لەگەلأ بەڕێز "هابیل ئەحمەد"، بەڕێوەبەری مۆنۆمێنتی چەمچەمالأ، لە بەرواری 8 / 5 / 2019 ، لە مۆنۆمێنتی ئەنفال لە چەمچەمالأ.

[54] یوسف دزەیی: ئەنفال..کارەسات،ئەنجام ورەهەندەکانی: چاپییەکەم، 2001 ،دەزگای چاپوبلآوکردنەوەموکریانی،هەولێر ، لا 113- 114 .

* لةبةر رؤشنايي ثةيوةست بوونی ولآتانی دواكةوتوو، بة ولآتانی ثيَشكةوتووةوة، لة ضوارضيَوةی ثاشكؤيةتی و زالَبوونی ئيستيعماری راستةوخؤ، هةنديَك ضالاكی دياريكراو دةردةكةون، كة ولآتانی سةرمايةداری هةولَدةدةن لة ولآتانی دواكةوتوو و ثاشكؤی خؤياندا بيجولَيَنن و طةشةی ثيَبدةن، ئةوةش بؤ خزمةتی خواستةكانی طةشةثيَدان لة ولآتانی ثيَشكةوتوودا.

[55] بؤ زانياری تةواو لةسةر ئةم بابةتة و وردةكاری ئةو تايبةتمةنديیانة، برِوانة: د. مدحت القريشي: نفس مصدر، ص 29 – 36 . هةروةها: د.فليح حسن خلف: نفس مصدر، ص 39 – 84 .

[56] بؤ زانياری تةواو لةسةر ئةم بابةتة، برِوانة: د. مدحت القريشي: المصدر نفسه، ص 169 – 173 .

العدد ٢٨/٤٠٠٨

التاريخ ١٩٨٧/٦/٢٠

قيادة مكتب تنظيم الشمال

مكتب السكرتارية

من/ قيادة مكتب تنظيم الشمال

الى/ قيادة الفيلق الاول/ قيادة الفيلق الثاني/ قيادة الفيلق الخامس

م/التعامل مع القرى المحظورة امنيا

بالنظر لانتهاء الفترة المعلنة رسميا لتجميع هذه القرى والتي سينتهي موعدها يوم ١٩٨٧/٦/٢١ قررنا العمل ابتداء من يوم ١٩٨٧/٦/٢٢ معودا بما يلي (١) تعتبر جميع القرى المحظورة امنيا والتي لم تزال لحد الان اماكن لتواجد المخربين عملاء ايران وسليلي الخيانة وامثالهم من خونة العراق (٠) (٢) يحرم التواجد البشري والحيواني فيها نهائيا وتعتبر منطقة عمليات محرمة ويكون الرمي فيها حرا غير مقيدا بأية تعليمات ما لم تصدر من مقرنا (٠) (٣) يحرم السفر منها واليها او الزراعة والاستثمار الزراعي او الصناعي والحيواني وعلى جميع الاجهزة المختصة متابعة هذا الموضوع بجدية كل ضمن اختصاصه (٠) (٤) تعد قيادات الفيالق ضربات خاصة بين فترة واخرى بالمدفعية والسمتيات والطائرات لقتل اكبر عدد ممكن ممن يتواجد ضمن هذه المحرمات وخلال جميع الاوقات ليلا ونهارا واعلامنا (٠) (٥) يحجز جميع من يلقى عليه القبض لتواجده ضمن قرى هذه المنطقة وتحقق معه الاجهزة الامنية وينفذ حكم الاعدام بمن يتجاوز عمره (١٥) سنة داخل معودا الى عمر (٧٠) سنة داخل بعد الاستفادة من معلوماته واعلامنا (٠) (٦) تقوم الاجهزة المختصة بالتحقيق مع من يسلم نفسه الى الاجهزة الحكومية او الحزبية لمدة اقصاها ثلاثة ايام واذا تطلب الامر لحد عشرة ايام لا بد من اعلامنا عن مثل هذه الحالات واذا استوجب التحقيق اكثر من هذه المدة عليهم اخذ موافقتنا هاتفيا او برقيا وعن طريق الرفيق طاهر العاني (٠) (٧) يعتبر كل ما يحصل عليه مستشارو افواج الدفاع الوطني او مقاتلوهم يؤول اليهم مجانا ما عدا الاسلحة الثقيلة والساندة والمتوسطة اما الاسلحة الخفيفة فتبقى لديهم ويتم اعلامنا باعداد هذه الاسلحة فقط وعلى قيادة الجحافل ان تنشط لتبليغ جميع المستشارين وامراء السرايا والمفارز واعلامنا بالتفصيل عن نشاطاتهم ضمن افواج الدفاع الوطني (٠) مكرر رئاسة المجلس التشريعي (٠) رئاسة المجلس التنفيذي (٠) جهاز المخابرات (٠) رئاسة اركان الجيش (٠) محافظو (رؤساء اللجان الامنية) نينوى ، التاميم ، ديالى ، صلاح الدين ، السليمانية ، اربيل . دهوك (٠) امناء سر فروع المحافظات اعلاه (٠) مديرية الاستخبارات العسكرية العامة (٠) مديرية الامن العامة (٠) مدير امن منطقة الحكم الذاتي (٠) منظومة استخبارات المنطقة الشمالية (٠) منظومة استخبارات المنطقة الشرقية (٠) مدراء امن محافظات – نينوى ، التاميم ، ديالى ، صلاح الدين ، السليمانية ، اربيل ، دهوك (٠) يرجى الاطلاع والتنفيذ كل ضمن اختصاصه (٠) انبؤونا .

(توقيع)

الرفيق

علي حسن المجيد